Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.3.11

OPEN ACCESS

*Corresponding author
Mohammad Saleh Rostamzadeh
mohammad.rostamzadeh@su.edu.krd

# ڕۆڵی کارتۆن و کاریکاتێر لە هونەری کوردیدا (کوردستانی عێراق)

**محەمەد سالح رۆستەم زادە /** بەشی شێوەکاری، کۆلێژی هونەرەجوانەکان، زانکۆی سەلاحەدین–هەولێر،هەرێمی کوردستان، عێراق

RECEIVED :06 /08/2024
ACCEPTED :12/12/ 2024
PUBLISHED :15/06/ 2025

## پوختە

هونەری کاریکاتێر یەکێکە لە فاکتەرە گرنگەکانی گەشەی کۆمەڵایەتی، وەک ئامرازێکی مۆدێرنی دەربڕینی ڕەخنە بەشێوەی "وێنەیی"، توانیویەتی ڕۆڵێکی بەرچاو بگێڕێت، ئەمەش پاشی گەشەی ڕۆشنبیری و دامەزرانی سیستەمی مۆدێرنی دەسەڵاتداری لە جیهاندا، چەسپانی بیرۆکەی دیموکراسییەت و لادانی هەژمۆنی تاکەکەسی و پاشایەتی و گەشەی خێرای تێکنۆلۆژیا بەتایبەتی پیشەی چاپ، دەرفەت بۆ ڕەخنەی ڕاستەوخۆ پتر ڕەخسا، بەڵام ئەمەش کارێکی ئاسان نییە. هەندێک دەسەڵات لە ناوچە جیاوازەکان بە ناوی کۆمارییەت و دیموکراسیەت هەر لە سەر ڕێچکەی پێشووی دەسەڵاتی خانەدانی یان سەرمایەداری و نیۆلیبرالیزم کۆمەڵگا دەچەوسێننەوە، کە ئەوە ئەرکی ڕۆژنامەگەری و هونەرمەندانی ڕەخنەگری ئەستەمتر کردووە، بەڵام نەوەستاوە. بەشێکی تری ئەم هونەرە لە بەر خەمۆکی و تەنیایی مرۆڤی ئەو سەردەمە ئەرکی سەرقاڵکردنی (Entertainment) گرتوتە ئەستۆ. توێژەر لەبەر دەوڵەمەندی ئەم ژانرە ویستوویەتی تیشک بخاتە سەر پێگەی هونەری کاریکاتێر لە کوردستانی عێراق . ئەم توێژینەوەیە لە چوار بەش پێک دێت؛ بەشی یەکەم چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە، کە پێک هاتووە لە: پێشەکی، کێشەی توێژینەوە ، گرنگیی توێژینەوە، ئامانجی توێژینەوە، سنووری توێژینەوە و پێناسەی چەمکەکان وە بەشی دووەم تایبەتە بە چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە بە لە خۆگرتنی دوو توێژگە: توێژگەی یەکەم، باسی مێژووی هونەری کارتۆن وکاریکاتێر لە جیهان، وڵاتی عێراق و کوردستانی عێراق، هەروەها بڵاوکراوەکانی کاریکاتێر و هونەرمەندانی کاریکاتێریست لە کوردستان دەکات . لە توێژگەی دووهەم ئاماژەکانی چوارچێوەی تیۆری هاتووە، ئینجا بەشی سێیەم دێت، کە تایبەتە بە ڕێکارەکانی توێژینەوە، کۆمەڵگای توێژینەوە و نموونەی توێژینهوە و ڕێبازی توێژینەوە، بە لە خۆگرتنی ٤ نموونە. بەشی چوارەم و کۆتایی تایبەتە بە ئەنجام و پێشنیار و ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە.

وشە سەرەکییەکان:
کارتۆن ،
کاریکاتێر ،
هونەری کوردی.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## پێشەکی

لەنێو بوارە جیاوازەکانی هونەردا هونەرمەندانی کاریکاتێریست زیاتر لەوانی تر ڕووبەڕووی مەترسی بوونەتەوە، بۆ نموونە تیرۆری ناجی عەلی کاریکاتێریستی فەلەستینی لە ساڵی (١٩٨٧)، یان تیرۆری هونەرمەندانی گۆڤاری شارلی ئیبدۆ لە فەرەنسا لە ساڵی (٢٠١٥)دا. ئەوە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، کە هونەری کاریکاتێر هونەرێکی کاریگەر و زیندووە و مشتومڕ دروست دەکات، دەبێتە هۆی تێڕامان وتێفکرین. ئەو هونەرە لە پڕبینەرترین هونەرەکانی سەردەمە. هونەری کاریکاتێر ژانرێکی هونەری دیدارییە، کە پەیامەکەی لە شکل و بیچمێکی زێدەرۆییانەدا دەگوازرێتەوە بۆبینەر و بەردەنگ. زێدەرۆیی چەمکێکی سەرەکی هونەری کاریکاتێرە، هونەرمەندی کاریکاتێریست بەم شێوەیە سەرنجی بینەر ڕادەکێشێت، دواتر بە یارمەتی گاڵتە و لاتاو و تەوس و توانج پەیامەکەی دەچەسپێنێت، خاڵی سەرکەوتنیشی لەمەدایە، کە وێنەیی و دیدارییە وەک میدیایەکی وێنەیی ڕاستەوخۆ بەردەنگ ئاوێتە دەکات، کاریگەری قووڵ و درێژخایەن لەسەر نەستی بینەر دادەنێت. لەبەر ئەوەی هەڵگری پەیامە، دەتوانێت لەسەر بیر و باوەڕ و بۆچوونی تاک کاریگەریی هەبێت، هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی و تەنانەت ڕەوتی پێشهاتەکانی ناو کۆمەڵگە بگۆڕێت.

لە ڕاستیدا، ڕەخنە و شرۆڤەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، خاڵی دەسپێکی ئافراندنی کاریکاتێرە. کاریکاتێر هونەری هەڵوێستە. هونەرمەندی کاریکاتێریست بە هەستیارییەوە دەڕوانێتە کێشەکان و بە بەرهەمەکەی. لە لایەکەوە باسی داڵغەکانی خۆی دەکات و لە لایەکی تریشەوە بە ئامانج و مەبەستی تایبەت هەنگاو هەڵدێنێت ، هەوڵی ئەوە دەدات سەرنجی توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە بۆ پرسە تایبەتەکان ڕابکێشێت و پێیان بڵێت، کە سەرچاوەی کێشەکە چییە و لە کوێدایە. بەم جۆرە دەکرێت بڵێین هونەری کاریکاتێر هونەرێکە پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ڕۆشنبیرکردن وهۆشیاریی تاکی کۆمەڵگەدا هەیە، بەڵام بەردەنگانی ئەو هونەرە هەموو توێژەکانی کۆمەڵگە (خوێندەوار و نەخوێندەوار) لە خۆ دەگرێت. تایبەتمەندییەکی تری ئەو هونەرە ئەوەیە، کە هونەرمەند بە کەرستەی زۆر سانا و ساکار دەتوانێت کار بکات و بە کەمترین تێچووی مادە و کات و زەمان، باشترین و کاریگەرترین بەرهەم پێشکەش بکات؛ ئەوەش وا دەکات بەرهەمەکە ئەگەری بڵاوبوونەوەی زیاتر بێت ، ژمارەی بەردەنگانی لە ژانرە هونەرییەکانی تر زۆرتر بێت، بە کورتی دەکرێت بێژیین ئەو هونەرە هونەرێکە ، کە لەناو ناخی کۆمەڵگەدا سەرهەڵ دەدات و گەشە دەکات و دەبێتە هۆی گەشەی کۆمەڵگا ، لەوەش زیاتر هونەری کاریکاتێر نە تەنیا گۆڕەپانی جڤاکی دەپێوێت، بەڵکو دەچێتە نێو بازنەی سیاسەتیشەوە و ڕەخنە لە سیستەم و یاسا و دەسەڵات دەگرێت و لێپێچینەوەی لێ دەکات.

کاریکاتێریستەکان بوێرترین کەسانی کۆمەڵگەن و هونەرەکەیان وەک ئامرازێک بۆ گەیشتن بە چەمکی ئازادی بەگەڕدەخەن، چ ئازادی تاک، چ ئازادی کۆمەڵگە و نیشتمان. بۆ ئەم مەبەستەش هونەری کاریکاتێر هونەرێکی سەربەخۆ و بوێر و خۆنەپارێزە و لە مێژووی هونەردا، زۆر جار ڕووبەڕووی سانسۆربەربەست و توندوتیژی بۆتەوە.

## یەکەم :

### 1-1- کێشەی توێژینەوە:

سەرەڕای هەوڵ و ماندووبوونی بێوچانی نووسەران، وەرگێڕان و توێژەران، لاوازی کتێبخانەی کوردی لە هەندێ بواردا حاشاهەڵنەگرە. کێشەیەکی سەرەکی فێرخوازان و خوێندکارانی هونەر نەبوون یان لاوازبوونی سەرچاوەکانە. ئەگەرچی هەندێک هەوڵی پچڕ پچڕ بۆ نووسینی مێژوو یان ناساندنی هونەرمەندانی کاریکاتێریست لە هەندێ گۆڤار و سایت دا دراوە، بەڵام تاکو ئێستا سەرچاوەیەکی تۆکمە و ڕێکوپێک بۆ ئەو بابەتە بەردەست نییە، هەروەها ئەو گۆڤار و بڵاوکراوانەی تایبەتن بە هونەری کاریکاتێر، ئەرشیڤ نەکراون و بەردەست نیین. ئەم توێژینەوەیە هەولێکە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشایەی کە لەم بوارەدا هەیە، بۆیە کێشەی توێژینەوەکە خۆی لەم دوو پرسیارەدا دەدۆزێتەوە:

١- ئایا هونەری کاریکاتێر و کارتۆن لە کوردستان وەکو و وڵاتانی تر گەشەی کردووە؟

٢- ئایا هونەری کاریکاتێری کوردی ئێستا بە ڕادەی پێویست لەناو ڕاگەیاندنەکاندا کارا و چالاکە؟

**1-2- گرنگیی توێژینەوە:**

کۆمەڵگەی کوردی وەک کۆمەڵگەیەکی نەریتخواز و داخراو بەڵام ڕوو لە گەشە؛ بۆ گەیشتن بە ستانداردەکانی پێشکەوتن و بۆ دەربازبوون لە چەقبەستوویی پێویستی بە ڕەخنەیە، هەروەها لە گۆڕەپانی سیاسەتیشدا، هونەرمەندان وەک چینەکانی تری کۆمەڵگە دەتوانن دەوریان هەبێت و ڕۆڵی ئەرێنی بنوێنن. ئەگەر لە هونەر بەگشتی و هونەری کاریکاتێر بەتایبەتی وەک فاکتەرێکی دەرخەری پێشکەوتنی ڕۆشنبیری سیاسی، کۆمەڵایەتی بڕوانین، گرنگی ئەو توێژینەوەیە بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی زانستی و ئەکادیمیی لەناو کتێبخانەی کوردی دەردەکەوێت و دەتوانێت وەک سەرچاوەیەک بۆ فێرخوازان، هونەرمەندان و توێژەران بەسوود بێت.

**1-3- ئامانجی توێژینەوە:**

ئاشکراکردنی ڕۆڵی کارتۆن و کاریکاتێرە لە هونەری کوردیدا (کوردستانی عێراق).

**1-4- سنووری توێژینەوە:**

**1- سنووری بابەتی:** ڕۆڵی کارتۆن و کاریکاتێر لە هونەری کوردیدا (کوردستانی عێراق)
**2- سنووری شوێن:** کەرکوک – دیالە
**3- سنووری کاتی:** (٢٠١١-٢٠٢٣)

**1-5- چەمکەکانی توێژینەوە:**

- **یەکەم: کارتۆن**
- **لە ڕووی زمانەوانییەوە:**
- "وشەی کارتۆن (Cartoon) ئیتاڵییە و لە وشەی Cartone وەرگیراوە. لە ڕابردوودا ئەم وشەیە بە پێی پێویست بۆ هەندێ شتی وەک مقەبا، کارتی ویزیت و بۆنەکان هەروەها کاغەزی یاری بەکار دەهات، بەڵام لەوانە گرینگتر بۆ ئەو کاغەزە بەکارهاتووە کە نیگارکێشەکان لە ڕێگەی ئەوەوە هێڵکاری و دیزاینی سەرەتایی بەرهەمەکانیان پێ گواستۆتەوە سەر دیوار و شوشە و موزاییک "(ضیایی،١٣٨٨، ص١١) .
- **لە ڕووی دەستەواژەوە:**
- "کارتۆن جۆرێکە لە هونەری دیداری، کە بە شێوەیەکی تایبەت دەکێشرێتەوە. لە سەردەمی مۆدێرن دا ئاماژەیە بە: وێنە یان زنجیرەیەک وێنە کە مەبەست لێی تەنز، کاریکاتێر یان نوکتە یان فیلمێکی جوڵاوە". (ویکیپیدیا ئینگلیسی). "هێڵکارییەکی پێکەنیناوییە، بەتایبەتی لە ڕۆژنامە یان گۆڤاردا" (Oxford, 2000,p 99).
- **لە ڕووی ڕێکارییەوە:**
- لە کارتۆندا فۆڕمەکە دەشێوێنرێت، واتە دیفۆڕمە دەکرێت. لە هەمان کاتدا وێنەکە تا ئاستی دووڕەهەندی سانا دەکرێت، مەبەستی سەرەکیش لەو دیفۆڕمە کردنە گاڵتە و پێکەنینە. زۆربەی جاران لە چەند فرێم پێک دێت و جاروباریش پیشاندانی بابەتێکی تاڵە بە زمانی تەوس.
- **دووەم: کاریکاتێر:**
- **لە ڕووی زمانەوانییەوە:**
- "کاریکاتێر(Caricature) لە وشەی کاریکاتورا Caricatura وەرگیراوە ، ئەم وشەیەش ئیتاڵییە و لە سەردەمی ڕێنێسانس لە ئیتاڵیا بەکارهاتووە . ساڵی ١٧٥٧ی زایینی وەکو وشەیەکی سەربەخۆ هاتۆتە ناو فەرهەنگی وشەی **سامۆئێل یوهانسۆن** [1]-ەوە". (ضیایی، ١٣٩٣).

**– لە ڕووی دەستەواژەوە:**

– "وێنە یان وتەیەک لەسەر بابەت یان کەسێک کە زۆر زێدەڕۆیی تێدا کرابێت، وا بکات ڕواڵەت یان هەڵسوکەوتی ئەو پێکەنیناوی دەرکەوێت". (Oxford,2000, p 98) "کاریکاتێر سکێچێک ، هەندێجاریش دیالۆگ، مۆنۆلۆگ یان شرۆڤەیەک

لەخۆ دەگرێت و دەتوانێت ئەو ڕۆڵانە بگێڕیت، لەوانە ڕۆڵی دەروونی کە ئامانجی سەرقاڵکردنی خوێنەرە، هەروەها ڕۆڵی کۆمەڵایەتی، کە ئامانجی هۆشیاری و ڕۆشنبیرییە." (الهاجری، ٢٠٢٠. ص٢١٠)

**- لە ڕووی ڕێکارییەوە:**

– لە ساناترین پێناسەدا دەتوانین بێژین: کاریکاتێر بە واتای هێڵکاری و کێشانەوەی کەسێک، بوونەوەرێک یان شتێک،کە فۆرم و ئەندامەکانی لەشی بە مەبەستی گاڵتە و ڕابواردن و تانە لێدان و تەنانەت دەربڕینی نەفرەت و بە زێدەڕۆیی لە ئەندامەکانی جەستە یان فۆرمەکە دەشێوێنرێت و دێفۆرمە دەکرێت. ئامانجی سەرەکی کاریکاتێر تەنها گاڵتە و پێکەنین نییە، بەڵکو دروستکردنی ڕامانە لای بەردەنگ.

**– سێیەم: هونەری کوردی:**

**-لە ڕووی دەستەواژەوە:**

- " هونەرێک کە دەگەڕێتەوە بۆ (نەتەوەی کورد). کورد وەک نەتەوەیەکی دێرینی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە هۆی ئەو ژیوار و ژینگەیەی تێیدا دەژی و ئەو ڕووداوانەی بە درێژایی مێژوو بەسەری هاتووە، خاوەنی کۆمەڵێک چەمک و تایبەتمەندی خۆیەتی و بەوان پێناسە دەکرێت وەک: زمان، ئایین ، جلوبەرگ، کەلتوور، هونەر و جووانیناسی" (یوسفی، ١٣٨٢،ص ٥)

**- لە ڕووی ڕێکارییەوە:**

- دەستەواژەی (هونەری کوردی) مەبەست لە وشەی هونەر لێرەدا، بە واتای ڕیبازێکی هونەری نییە، بەو جۆرەی لە پاش ڕێنێسانس لە ئەوروپا ناویان لێ دەنان، بەڵکو بە واتای ئەو سیفەتە گشتییەیە، کە باس کرا وەک هونەری ئەڵمانی، هونەری ژاپۆنی و ...هتد. ئەو دەستەواژەیە بە مانای هونەرگەلێک دێت، کە هی تاکی کورد، هونەرمەندی کورد و بە واتا گشتییەکەی هی نەتەوەی کوردە، بە تەواوی تایبەتمەندییەکانییەوە.

## 2 2-چوارچێوەی توێژینەوە:

## 2-1- چەمکی مێژوویی کارتۆن و کاریکاتێر:

### 2-1-1- جیاوازی نێوان کارتۆن و کاریکاتێر:

وشەی کارتۆن (Cartoon) ئیتاڵییە و لە وشەی Cartone وەرگیراوە. لە ڕابردوودا ئەم وشەیە بە پێی پێویست بۆ هەندێ شتی وەک مقەبا، کارتی ویزیت و بۆنەکان، هەروەها وەرەقەی یاری بەکار دەهات، بەڵام لەوانە گرینگتر بۆ ئەو کاغەزە بەکارهاتووە، کە نیگارکێشەکان لە ڕێگەی ئەوەوە هێڵکاری و دیزاینی سەرەتایی بەرهەمەکانیان پێ گوواستۆتەوە سەر دیوار و شوشە و موزاییک." (ضیایی،١٣٨٨، ص١١). "کاریکاتێر(Caricature) لە وشەی کاریکاتورا Caricatura وەرگیراوە ، ئەم وشەیەش ئیتاڵییە و لە سەردەمی ڕێنێسانس لە ئیتاڵیا بەکارهاتووە و ساڵی ١٧٥٧ی زایینی وەکو وشەیەکی سەربەخۆ هاتۆتە ناو فەرهەنگی وشەی دوکتور سامۆئێل یوهانسۆن –ەوە." (ضیایی، ١٣٩٣)، بەڵام لە سەردەمی ئێستادا ئەو دوو وشەیە هەریەکەیان بە واتای جیاواز و بە مەبەستی جیاواز بەکاردێن. کارتۆن هونەرێکی دوو ڕەهەندی و تا ڕادەیەک سادەیە، هەوڵ دەدات بابەتێک بوروژێنێت و بیخاتە بەر پلاری تەوس و توانج، لە ڕێگەی گاڵتە پیکردن سەرەنجی بینەر بۆ لای بابەتە ڕابکێشێت. زۆرینەی کارتۆنەکان بە شێوازی هێڵی دەوروبەر( Out Line) دەکێشرێنەوە. بابەتەکان پتر ڕۆژانەن و لە چەند فرێم دا دادەبەزن (هەندێ جار تاک فرێمیشن).

"کاریکاتێر واتە وێنە و بیچمێک لە کەسەکان کە زێدەڕۆیی تێدا کراوە، وەک کاریکاتێری کەسایەتی سیاسی، ئەدەبی، هونەری، وەرزشی و .... هتد. " (ضیایی، ١٣٩٣)، بە پێچەوانەی کارتۆن زیاتر چەند ڕەهەندیی و پڕ لە وردەکارییە، ئەگەرچی زێدەڕۆیی لە دێفۆرمەکردن دا هەیە، بەڵام کاراکتێرەکان زۆر وەک خۆیان دەچن و بابەتەکان گشتی و گرینگن و هونەرمەند بە تەوسێکی تاڵ بینەر دەخاتە دۆخی ڕامان و لێکدانەوە. هەڵبەت پێویستە ئاماژە بەو خاڵەش بکرێت لە کوردستانی عێراق ، کاریکاتور بە کاریکاتێر پێناسە دەکرێت.

"کارتۆن لە سەردەمی ئێمەدا بۆ چالاکی مرۆڤ لە گۆڕەپانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە شێوازێکی زێدەڕۆییانە دا بەکار دێت؛ واتە وشەی کاریکاتێر تەنیا بۆ کەسایەتییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و وشەی کارتۆن بۆ گشت چالاکییەکانی

ئەو کەسایەتیانە لە گۆڕەپانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەکار دێت. لە کارتۆن دا دەکرێت لە هەموو جۆرە کاراکتێرێک سوود وەربگیرێت، بەڵام لە کاریکاتێردا تەنیا کەسێکی تایبەت مەبەستە نەک کەسایەتی یان کاراکتێرێک. بەگشتی دەکرێت بڵێین بازنەی هونەریی کارتۆن زۆر لە کاریکاتێر بەرینترە؛ لەبەر ئەوەی دەتوانین کاریکاتێریشی تێکەڵ بکەین، بۆ وێنە: کاتێک کارتۆنی کەسایەتییەکی سیاسی دەکێشینەوە لە ڕاستیدا هەم کاریکاتێری ئەو کەسەمان کێشاوە و هەمیش بازنەی چالاکییەکانی. بە بەرهەمێکی وەها ناڵێین "کاریکاتێر- کارتۆن" بەڵکو ئەمە " **کارتۆن**"-ە." (ضیایی، ١٣٩٣)

ئەگەر بمانەوێت کارتۆن و کاریکاتێر لەسەر بنەمای ئەو پرسە شرۆڤە بکەین، کە ئایا ئەم هونەرە هونەرێکی ڕێئالە یان نا؟ بێگومان ئەو هونەرە یەکێکە لە ڕێئالترین لقەکانی هونەری دیداری تا ئەو ڕادەیەی کە لە ١٨٠٠ زایینی بەملاوە کارتۆن و کاریکاتێر وەک ئامرازێکی پرۆتێستی سیاسی و کۆمەڵایەتی هاتوتە ناو گۆڕەپانی شۆڕشە جەماوەرییەکانی جیهانەوە. (ضیایی،١٣٨٨، ص٢١٦)

لە کوردستان هەر لە دەسپێکی ئەم ژانرە لە هونەری وێنە کێشان تا ئێستا وشەی کارتۆن و کاریکاتێرو لێک جیا نەکراوەنەتەوە و بۆ هەموو جۆرەکان هەر وشەی کاریکاتێر بەکاردەبرێت.

### 2-1-2- جۆرەکانی کاریکاتێر:

"بە پێی پۆلێنکردنی گۆڤاری "**وێزی ورلد**" Whity World گۆڤاری تایبەتی نێودەوڵەتی کارتۆن و کاریکاتێر؛ جۆرەکانی کاریکاتێر بەم شێوەیەن:

یەکەم: کاریکاتێری سیاسی : Political Caricature – دووەم : کاریکاتێر لە ڕوخسار:Face Caricature – سێیەم: کۆمیک ستریپ: Comic Strip – چوارەم: ڕابواردن و قۆشمەگەری :Gag – پێنجەم: ئەنیمەیشێن یان وێنەی جووڵاو: Animation – شەشەم: پەرتووکی کۆمیک: Comic Book – هەفتەم: وێنەسازیی گاڵتەجاڕی: Humorous Illustration ." (ضیایی،١٣٨٨، ص ٢٤)

### 3-1-2- مێژووی کاریکاتێر لە جیهاندا:

"هونەری کاریکاتێر زۆر پێش ڕۆژنامەوانی و تەنانەت پیشەی چاپیش لە جیهاندا هەبووە. کاریکاتێر بەر لە هەموو شتێک زمانی "وێنەیە" و دەزانین لە ڕۆژگاری کۆندا بەر لە وشە و نووسین، وێنە ئەرکی نووسینیشی لە ئەستۆ بووە. " (لطیفی، ١٣٩٤، ص ٤).

هەندێ ڕایان وایە، کە یەکەم کاریکاتێرە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە شاری پۆمپای[٢] دۆزراونەتەوە، ئەم کاریکاتێرانە لەسەر کۆڵەکەی بەردین هەڵکەنراون و لەبەرچاوی خەڵک بوون. مەمدوح حەمادە نووسەری کتێبی پوختەیەک لە مێژووی هونەری کاریکاتێر کۆمەڵێک وێنەی هەڵکەنراوی سەر تاشە بەردەکانی دۆڵی "جەرات" لە وڵاتی جەزائیر دەخاتە ڕیزی یەکەمین بەرهەمە گاڵتەجارییەکانی مێژووەوە. (مەمدوح ٢٠١٨، ل ١٢). هەندێک لە پسپۆڕانیش ئاماژە دەکەن، بە وێنەکانی سەر پاپیروسەکانی میسر کە بیچمی تێکەڵاوی مرۆڤ و ئاژەڵیان تێدایە، یان باسی هونەری یۆنانی کەونارا و ڕۆما دەکەن؛ بۆ وێنە "لە ڕۆمای کەونارا مرۆڤی کورتەباڵا یەکێک لە بابەتە سەرنجڕاکێشەکانی دنیای هونەر بووە، پتر لە چوار لەسەر پێنجی بەرهەمگەلی گاڵتەجارانەی ئەو سەردەمەیان پێکهێناوە. پاش سەردەمی یۆنان و ڕۆما لە سەدەکانی ناوین دا هونەر بەگشتی دەکەوێتە بەر سێبەری ئایینی مەسیحییەتەوە و گاڵتە کردن و پێکەنین بە بابەتە ئایینییەکان سنووردار دەکرێت؛ سەرەڕای ئەوەش دیسان بەکارهێنانی بیچمی پێکەنیناوی و گاڵتەجاڕانە هەر بە کاردێت دواجار لە سەدەی پازدەهەمدا داهێنانی ئامێری چاپ، خاڵی وەرچەرخان بوو لە جیهانی هونەردا." (عبدعلی، ١٣٩٤)

"هانس هۆلبێین (Hans Holbein) شێوەکار، کۆڵەر، چاپگەری خەڵکی ئالمان؛ کۆمەڵێک لە بەرهەمە هەڵکەنراوەکانی خۆی لە ساڵی ١٥٢٥ دا بە ناوی " سەمای مەرگ" بە وشەی کاریکاتێر پێناسە کردووە."(ضیایی،١٣٨٨، ص٩)، "لەکۆتایی سەدەی پازدە و درێژایی سەدەی شازدە واتە سەردەمی ڕێنێسانس (بووژانەوە) هونەرمەندانی وەک لیۆناردۆ داڤینچی و مایکێل ئانجێلۆ، کۆمەڵێک بەرهەمیان ئافراند کە هەندێ لە پسپۆڕان ناوی کاریکاتێریان لێناوە. بەڵام بۆ وێنە: "پێنج سەری گرۆتێسک" (وێنەی دزێو و تۆقێنەر)-ی داڤینچی سەرەڕای ئەوەی لە باری شکڵ و فیگورەوە دیفۆرمە کراون

ناچنە خانەی هونەری کاریکاتێرەوە، لەبەرئەوەی ئەو سەرانە پەیوەندی بە مرۆڤی ڕاستەقینەوە نییە، هەروەها هەڵگری پەیام و مژاری تەوس و لاتاو نین" (عبدعلی، ١٣٩٤)، "نەریتی کاریکاتێر کە لەسەر بنەمای پێکەنینە؛ لە سەدەی هەڤدە و بە دەستی ئاگۆستینۆ کاراتچی[٣] لە ئیتاڵیا دامەزرا. کاراتچی یەکەم هونەرمەندە کە بۆ رابواردنی خۆی و هاوڕێکانی وێنەی کۆمێدی لە دیمە و ڕوخساری خەڵک دەکێشایەوە. ئەو کەسانەی سەردانی ستودیۆی ئەو هونەرمەندەیان دەکرد دەبوونە مۆدێلی و دواتر دەیاندیت کە کاراتچی ڕوخسارییانی وەک: سەگ، بەراز، هێستر یان تەنانەت نان و دۆڵکەی ئاو کێشاوەتەوە! "(سیمرغ، ١٣٩٣)، لە میانەی سەدەی هەڤدە مەکۆی کاریکاتێر لە بۆلۆنیاوە، کە لە ژێر ڕکێفی کاراتچی دابوو گوازرایەوە بۆ شاری ڕۆم. لەم شارە، بەهرەی بێرنینی [٤] هونەرمندی شێوەکار و پەیکەرساز و بیناسازی ئیتاڵی وای کرد کاریکاتێر وەک شێوازێکی هونەری بگاتە ئاستێکی باڵا. بێرنینی بە پێچەوانەی کاراتچی و بنەماڵەکەی دیمە و ڕوخساری یەک کەسی هەڵبژارد و کاراکتێرێکی تایبەتی دروست کرد، بۆیەش " ویتکۆوێر [٥] پێیوایە بێرنینی ئافرێنەری ڕاستەقینەی کاریکاتێرە". (عبدعلی، ١٣٩٤).

بەناوبانگترین کاریکاتێریستی سەدەی هەژدە، هونەرمەندی شێوەکاری بەریتانیایی " ویلیام هۆگارس"-ە . هەڵبەت هۆگارس حەزی نەدەکرد، وەک کاریکاتێریستێک بناسرێت. بەرهەمەکانی ئەو هونەرمەندە گشت لایەنە گەمژانە و ئیبلیس ئاساکانی مرۆڤی ئەو سەردەمەی بەریتانیا پێشان دەدەن. هۆگارس زۆر بە دەگمەن ڕوخساری ڕاستەقینەی خەڵکی دەکێشایەوە، کاراکتێری نێو بەرهەمەکانی مرۆڤی باش و خراپ، عارەق خۆر، پیاوان و ژنانی چاوچنۆک و مۆدەپەرست بوون." (سیمرغ، ١٣٩٣)

"سەرهەڵدانی شۆڕشی فەڕەنسا و بەشداری بەریتانیا لە شەڕی ناپلیۆندا، بووە هۆی ئەوەی خەڵکی بەریتانیا زیاتر سەرنجیان بۆ لای هونەری کاریکاتێر ڕابکێشرێت. لە ڕاستیدا شۆڕشی فەڕەنسا لە بەریتانیا پتر لە فەڕەنسا کاریگەری لەسەر هونەری کاریکاتێر هەبووە، بەڵام لە فەڕەنسا دواتر و لە سەدەی نۆزدەدا لەسەر دەستی هونەرمەندی وەک " هۆنۆرێ دۆمیێ" گەشە دەکات، واتە پاش داهێنانی چاپی بەردین. هەر ئەوە دەرفەتی زێرینی بە کەسانی وەک دۆمیێ دا بەرهەمەکانیان بە تیراژی زۆر بڵاو بکەنەوە. لە ساڵی ١٨٣٢ هۆنۆرێ دۆمیێ لەبەر کێشانەوەی کاریکاتێری لوئی فیلیپ [٦] زیندانی کرا. لەو سەردەمەدا دۆمیێ هاوکاری ڕۆژنامەی "لاکاریکاتۆر"ی دەکرد کە شارل فیلیپۆن بەڕێوەی دەبرد. سەرەڕای بەربەست و کێشەی زۆر لە لایەن حکومەتی شا فیلیپەوە، شارل فیلیپۆن چەند ساڵ دواتر ڕۆژنامەیەکی تری بە ناوی لا شاریواری دامەزراند و هونەرمەندانی زۆری لە خۆی کۆکردەوە. دەکرێ شارل فیلیپۆن وەک باوکی کاریکاتێری مۆدێرنی سیاسی ناوزەد بکەین. لە ئالمان لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا بواری گونجاو بۆ بڵاوکراوەیەکی کاریکاتێر ڕەخسا. لەبەر ئەوەی یاسای سانسۆر پتر لە ٣٠ ساڵ باڵی کێشابوو بەسەر بڵاوکراوەکان دا. لە ئاگۆستی ١٨٤٥ کاسپار براون و فریدریش شنایدێر ڕۆژنامەیەکیان لەسەر شێوازی لاشاریواری بڵاو کردوە، ناوی ئەم ڕۆژنامەیە فیگیندە بلاتێر بوو." (عبدعلی، ١٣٩٤).

"یەکەم بەرهەمە گرینگەکانی کاریکاتێر لە وڵاتی ئەمریکا لە نێوان ساڵانی ١٨٢٨-١٨٣٦ دەرکەوتن. توماس ناست یەکەم کاریکاتێریستی ناوداری ئەمریکی بوو، کە کاریگەری زۆری لەسەر ڕێنێسانسی ئەمریکی، بەدرێژایی شەڕی ناوخۆیی ئەمریکا هەبوو" (عبدعلی، ١٣٩٤).

## 4-1-2- مێژووی کاریکاتێر لە عێراق:

"وڵاتی عێراق خاوەنی میراتێکی گەورەیە لە ڕۆژنامەگەری تەنزو تەوس دا. بە پێی بەڵگەکان یەکەم بڵاوکراوەی تەنز لە عێراق، مرقعة الهندي-ە کە لە ٢١ی نۆڤامبری ١٩٠٩ بە زمانی عەرەبی لە شاری بەسرە بڵاو بۆتەوە، لەسەر بەرگی ڕۆژنامەکە نووسرابوو، هەفتەنامەی تەنز و ڕەخنەیی وێنەدار و بە ناوی ئەو هیندییانەوە کرابوو، کە جلوبەرگیان پینە و پەڕۆی پێوە بوو، لە بەندەری بەسرە کاریان دەکرد. خاوەنی ئەو بڵاڤۆکە احمد حمدی مشرافی و بەڕیوەبەرەکەشی محمد حمدی بوو. لە شاری موسل ڕۆژنامەیەکی تر دەرچوو بە زمانی تورکی و عەرەبی بە ناوی "جنەباز" بە واتای چەنەباز و زۆربڵە. ئەو ڕۆژنامەیە لە ساڵی ١٩١١ و بە سەرپەرشتی عبدالمجید خیالی دەرچوو، لەسەر بەرگی ڕۆژنامەکە نووسرابوو: "ڕۆژنامەیەکی سیاسی، زانستی، ئەدەبی، هونەری و تەنز"، هەروەها لە ٢٥-ی جولای ١٩١١ لە

شاری بەغدا ڕۆژنامەی  النوادر بە سەرپەرشتی  محمد وهیب نورجه دەرچوو، کە لەسەر بەرگەکەی نووسرابوو: "بڵاوکراوەیەکی تەنز، ڕەخنەیی، وێنەداری عەرەبییە، کە هەفتەی جارێک بڵاودەبێتەوە". دواتر لە ساڵی ١٩١٣ لە شاری بەسرە گۆڤارێک دەرچوو بە ناوی الغرائب کە لە سەربەرگی نووسرابوو:  دووهەفتەنامەیەکی تەنز، ڕەخنەیی" . لە هەمان ساڵدا واتە ١٩١٣ لە بەغدا گۆڤارێک بڵاو بۆوە بە ناوی مجلة الرصافة کە خاوەنەکەی محمد صادق الاعرجي بووە و لەسەری نووسرابوو "مانگانەیەکی زانستی، ئەدەبی، تاریخی و تەنز".

لە ساڵەکانی یەکەمی حکومەتی نیشتیمانی لە عێراق، هەتا شۆڕشی ١٤ی جولای ١٩٥٨ زیاتر لە سی بڵاوکراوەی تەوس و تەنز لە عێراق لە چاپ دراون، بۆ وێنە :

بابل، ١٩٢٣،حسین ال کتاب.

الندیم، ١٩٢٣.

ابو الشمقمق، ١٩٢٣.

جحا الرومی، ١٩٢٣،  رشید صقفی.

الهزل ،١٩٢٤، علاءالدین عوني.

بالک ، ١٩٢٥، عبدالحمید فخري.

الکرخ ،١٩٢٧، شاعر ملاعبود الکرخي.

کناس الشوارع، ١٩٢٥، میخائیل تیسي.

حبزبوز، ١٩٣١، نوری ثابت.

البهلول ، ١٩٣٢، محمد حسن القطیفي.

قرندل، ١٩٤٥ ، صادق الازدي.

الفکاهة.

الکشکول " (خەلیل علاف، ٢٠١٧)

## 2-1-5- مێژووی کاریکاتێر لە کوردستانی عێراق:

سەبارەت بە مێژووی هونەری کاریکاتێر لە کوردستانی عێراقدا، هیچ سەرچاوەیەکی نووسراو بەردەست نییە. توێژەر لە وتوویژ و چاوپێکەوتنەکانیدا بۆی دەرکەوت، کە هۆکاری سەرەکی نادیاری دەسپێکی مێژووی ئەو هونەرە لە کوردستاندا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بەشێکی زۆر لە هونەرمەندان بە ویستی خۆیان حەزیان نەکردووە بەرهەمەکانیان لەناو بڵاوکراوەکانی سەردەمی بەعس بڵاو ببێتەوە. ئەوەی ڕوونە و ئاشکرایە ئەوەیە، کە سەرەتای هەشتاکان کەسێک بە ناوی عەبە کە ناوێکی خوازراو بووە، لە گۆڤاری کاروان و گۆڤاری بەیان کاریکاتێری بڵاوکردۆتەوە، هەروەها هونەرمەند سمکۆ ناکام (کە لە بواری شانۆدا کاردەکات) چەند کاریکاتێرێکی بڵاو کردۆتەوە، بەڵام بەردەوام نەبووە. دواتر چەند هونەرمەندێک لەم بوارە کار دەکەن ،کە وەک پێشەنگ لە هونەری کاریکاتێر دەناسرێن، ئەوانیش هونەرمەندان دارا محەمەد عەلی و عەلی مەندەلاوی و هونەرمەند محەمەد ساڵەیی. پاشی ئەوان و لە ساڵانی (٨٤) و (٨٥)ەوە کەسانێک وەک هونەرمەند گرفتار کاکەیی کارەکانی بڵاو کردۆتەوە. ئەو هونەرمەندانە و هونەرمەندانی دوای ئەوانیش بەگشتی بە شێوەی خۆڕسک و بێ ئەوەی مامۆستا یان فێرگەیەکیان بینیبێت فێری هونەری کاریکاتێر بوون.

لە پاش ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری (1991)، کە بۆ میللەتەکەمان  وەرچەرخانێک بوو، پەیتا پەیتا لە هەموو بوارەکاندا بە تایبەتی بواری میدیا سەرهەڵدانێکی گەورەی بە خۆیەوە بینی، لەوانە :کردنەوەی دام و دەزگا و چاپەمەنی سەردەم، کە ئەمانە بوونە هۆی دروستبوونی گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکان، کاریکاتێریستەکان توانیان بەرهەمەکانیان بڵاو بکەنەوە. لە ساڵانی دواتردا کۆمەڵێک بڵاوکراوەی تایبەت بە کاریکاتێریش هاتوونەتە گۆرەپانەوە، بەڵام لەو دەیەی ڕابردوودا زۆرینەیان بە هۆکاری ماددی داخراون ، تا ڕادەیەک کە ئێستا هیچ بڵاوکراوەیەک تایبەت بە کاریکاتێر لە هەرێمی کوردستان چاپ ناکرێت.

## 2-1-5-1- بڵاوکراوەکان لە کوردستانی عێراق:

**بڵاوکراوەی فشقی تایمز:** "یەکەمین بڵاوکراوەی گاڵتەجاریی تەنزئامێزە لە کوردستان. ئەم بڵاوکراوەیە لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٤ ژمارە (سفر) ی بە تیراژی ٤٠ دانەی ٨ لاپەڕەیی لە زانکۆی سەلاحەدینی شاری هەولێر لە لایەن چوار خوێندکارەوە دەرچووە. بڵاوکراوەیەکی هەمەڕەنگ بوو، زیاتر گرنگی بە توێژی خوێندکارانی زانکۆ دەدا. کاتی دەرچوونی بڵاوکراوەکە دیار نەبوو، هەر کاتێک ئارەزوویان لێ بووایە ژمارەیەکیان دەردەکرد، ژمارەی لاپەڕەکانیشی نادیار بوو، بەڵام تیراژەکەی بەردەوام لە زیادبووندا بوو، دوا ژمارەی تیراژەکەی گەیشتە ٤٠٠ دانە. فشقی تایمز تەنها ٢٨ ژمارەی لێ دەرچوو. بە هۆی لێکدابڕانی دەستەی نووسەران و نەبوونی پاڵپشتی ماددی، وای کرد بڵاوکراوەکە نەتوانێت بەردەوام بێت." (خۆشناو، ٢٠٠٨، ل٩٥)

**گۆڤاری سیخورمە:** یەکەم گۆڤاری ساتریکالی کۆمێدی بوو، کە لە شاری سلێمانی لە ٧/٢/١٩٩٧ یەکەم ژمارەی دەرچوو وە ستافی گۆڤارەکەش پێک هاتبوو لە ئاکۆ غەریب وەک بەڕێوەبەر و د.شێرکۆ عەبدوڵا وەک سەرنووسەر و ئاراس شێخ جەنگی خاوەن ئیمتیاز، کاریکاتێریستەکانیش بریتی بوون لە :محەمەد فەتاح، ئاکۆ غەریب، سائیر بەدری. هەتا ساڵی ٢٠١٣ بەردەوام بوو و دواتر بە هۆی بارودۆخی سیاسی ناوچەکە و دۆخی ئابووری داخرا و بوو بە گۆڤارێکی ئەلیکترۆنی و بەردەوام بوو (محەمەد فەتاح، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- سلێمانی، ٨/٤/٢٠٢٣)

**گۆڤـــاری مەلامەشـــهور:** "یەکەمـــین گۆڤـــاری تـــایبەت بە کاریکـــاتێر بـــوو، کە لە هەولێـــر دەردەچـــوو، ژمـــارە ١ لە مـــانگی ٧/١٩٩٧ بڵاوکـــراوە و تـــا ســـاڵی ٢٠٠٣، (٤٥) ژمـــارەی لـــێ دەرچـــووە، گۆڤـــارێکی ١٦ لاپەڕەیـــی بە تیـــراژی ١٠٠٠ دانە بـــوو، گۆڤـــارێکی مانگـــانەی ســـەربەخۆ و ســـەر بە هـــیچ لایەن و حـــزبێکەوە نەبـــوو، بەڵام کـــۆمەکی دارایـــی دەکـــرا لە لایەن ئەو بەرپـــرس و کەســـانەی باوەڕیـــان بە دیموکراســـی و ڕەخـــنە هەبـــوو. بە درێژایـــی تەمەنـــی گۆڤـــارەکە توانیـــویەتی دوو پێشـــانگەی هاوبەشـــی کاریکـــاتێریی بـــۆ کاریکاتێریســـتانی گۆڤـــارەکە لە شـــاری هەولێـــر بکـــاتەوە، یەکەمیـــان لە ســـاڵی ٢٠٠٠ و دووهەمیـــان لە ســـاڵی ٢٠٠٣، دەســـتەی نووســـەرانی گۆڤـــارەکە پێـــک هـــاتبوو لە : خـــاوەن ئیمتیـــاز: عەبـــدولڕەحمان پاشـــا. سەرنووســـەر: حەیـــدەر قـــادر. ســـکرتێری نووســـین : عەلـــۆ ســـندی بە هاوکـــاری جەلال زەنگابـــادی. کاریکاتێریســـتەکان: ســـەردار کێســـتەیی، کـــامەران خۆشـــناو، لـــوئەی کـــۆیی (لـــوئەی مەتـــی)، جەمیـــل مـــحەمەد، گرفتـــار کـــاکەیی، هەنـــدرێن خۆشـــناو، عەلـــی دەروێـــش (بەمـــۆ)، ســـەلاح مـــحەمەد عەلـــی، دیـــار ئـــاکرەیی. ناوەنـــاوە گۆڕانکـــاری بەســـەر دەســـتەی بەڕێـــوەبەری داهـــاتووە و لە ژمـــارە (٤٢ ) لە ٥ / ٢٠٠١ (کـــامەران خۆشـــناو) بـــووە بە بەڕێـــوەبەری نووســـین و لە ژمـــارە (٤٣) -یـــش لە ١٢/ ٢٠٠٢ بـــووە بە سەرنووســـەر و لە ژمـــارە دوایییەکانیشـــدا تەنیـــا (لـــوئەی کـــۆیی، هەنـــدرێن خۆشـــناو و عەلـــی دەروێـــش) وەک کاریکاتێریســـت بەردەوام بـــوون ." (خۆشـــناو، هەنـــدرێن، ٢٠٠٨، ل٩٥) "هـــۆیە ســـەرەکییەکانی ڕاوەســـتانی ئەم گۆڤـــارەش لە وەشـــاندن، نەبـــوونی هاوکـــاری مـــاددی، چـــونکە ئەم گۆڤـــارە گۆڤـــارێکی ئەهلـــی بـــوو، یـــارمەتی دارایـــی نەدەکـــرا، وەکـــو گۆڤارەکـــانی تـــر، هەروەهـــا نەبـــوونی شـــوێنێک بـــۆ کـــارکردن و دیزاینکردنـــی گۆڤـــارەکە، نەبـــوونی مەودایەک و کەشـــوهەوایەکی گونجـــاو بـــۆ کـــارکردن و چەنـــدین هـــۆی تریش."(هەندرێن خۆشناو، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر، هەولێر- هەولێر، ١٠/٨/٢٠٢٢)

**نەقیـزە:** نەقیـزە چەنـد لاپەڕەیەکـی کـۆپی بـوو، بە دەسـت نووسـرابوو و بەڕێزێـک بە نـاوی خـاڵە حەمـرین دەری دەکـرد و لە چاپەخـانەی مەچکـۆ بـڵاوی دەکـردنەوە . (گرفتـار کـاکەیی، گفتگـۆی تـایبەت، لە ڕێـگەی تەلەفـۆنەوە، هەولێر- ئالمان، ٥/٨/٢٠٢٢)

**دەهۆڵ تایمز:** "گۆڤارێکی تەنزئامێزی کۆمەڵایەتی- کاریکاتێری بوو، ژمارەی (١ )-ی لە ١٥/١٢/١٩٩٩ لە هەولێر دەرچوو و تا مانگی ٧ی ٢٠٠٢ ،(٣٢) ژمارەی لێ چاپکرا. گۆڤارێکی مانگانەی ٢٠ لاپەڕەیی بوو، دەستەی ستافی گۆڤارەکە پێک هاتبوو لە: خاوەن ئیمتیاز: خالید ئەحمەد خدر (میران)، سەرنووسەر د.شاپان (ڕزگار نوری شاوەیس) ، کاریکاتێریست: عەلی دەروێش (بەمۆ). لە زۆربەی ژمارەکانیدا گرنگییەکی تەواوی بە لایەنی کاریکاتێر و وێنەی

فۆتۆیی دەدرا. چەند گۆشەیەکی بەردەوامی هەبوو ، کە تیایدا ڕەخنە لە کەسانی یاساشکێن و چەند دەزگایەکی حکومی دەگرت، زۆر بەکەمی بە لای دیاردە سیاسییەکاندا دەچوو." (خۆشناو، ٢٠٠٨، ل٩٦)

**گەپ:** یەکەم ژمارەی ئەم بڵاوکراوەیە ١/١٠/٢٠٠٤ بە شێوەی کاغەزی ڕۆژنامە لە (١٢ ) لاپەڕەی ڕەنگاوڕەنگدا دەرچوو. سەرنووسەرەکەی ئازا حەسیب قەرەداغی ، جێگرانی سەرنووسەر محەمەد قادر و ئیسماعیل بەرزنجی، هەروەها بەڕێوەبەری نووسین بەرهەم عەلی بوو. دوای ساڵێک محەمەد قادر بووە، سەرنووسەر و ئیسماعیل بەرزنجی، خاوەن ئیمتیاز و پاش ٣ ساڵ ئەمجار محەمەد قادر دەبێتە خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەر . لە ساڵی ٢٠٠٩ ئەم بڵاوکراوەیە بوو بە گۆڤار لە (٤٠) لاپەڕەی ڕەنگاوڕەنگ بە قەبارەی ٢١ بە ٢٩ سم ،دەردەچوو. دوایین ژمارەی گۆڤارەکە ژمارە ١٧٢ بوو، کە لە ٢٨/١٠/٢٠١٥ دەرچوو. لە ماوەی تەمەنی دا گۆڤاری گەپ دووجار بۆتە چاوگی سەرەکی دوو ماستەرنامە لە زانکۆی بەغدا و زانکۆی سلێمانی. (محەمەد قادر، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- هەولێر، ١٠/١/٢٠٢٣)

**تەنزوێنە:** "تەنزوێنە گۆڤارێکی مانگانە بوو، (١٦) لاپەڕەی قەبارە ٢٣ بە ٣٣ سم، کۆمەڵەی کاریکاتێریستانی کوردستان دەری دەکرد، ئەم کۆمەڵەیەش لە ٧ ی حوزەیرانی ٢٠٠٥ لە هەولێر دامەزرا، ژمارەی (١)، لە ٢١/٣/٢٠٠٦ لە هەولێر دەرچووە. توانی یەک ساڵ بەردەوام بێت و دوا ژمارەشی (٧و٨) لە مانگی ٣ ی ساڵی ٢٠٠٧ لە هەولێر دەرچوو. لە یەکەم ژمارەی گۆڤارەکە خاوەن ئیمتیاز کامەران خۆشناو ، سەرنووسەر شێخ ئەڤراز ئەترووشی، جێگری سەرنووسەر بۆتان ناڵەیی، بەڕێوەبەری نووسین هەندرێن خۆشناو، راوێژکاری یاسایی حوسامەدین سەرداری، دەستەی کاریکاتێریستان لوئەی کۆیی، عەلی دەروێش، دیار ئاکرەیی، سەلاح محەمەد عەلی، نەخشەسازیی جەوهەر فەتاح بوون. جیاکارییەکانی گۆڤاری تەنزوێنە لەگەڵ گۆڤارە گاڵتەجارِیی و کاریکاتێرییەکانی تر ئەوەبوون کە ئەم گۆڤارە بێلایەن بوو و دەزگایەکی هونەریی بڵاوی دەکردەوە، زمانحاڵی جەماوەربوو، بۆیە جەماوەرییەکی زۆری پەیدا کردبوو، گرنگی و بایەخی زیاتری بە لایەنی کارتۆن و کاریکاتێر و کاریکاتێریستانەوە دەدا، هەروا بایەخێکی زیاتر بە شێوە و شێوازی هونەریی و دیزانی گۆڤارەکە دەدراو چەندین گۆشەی نوێ لە گۆڤارەکە بڵاو دەکرایەوە، لەوانەش داهێنانی گۆشەیەکی تایبەت بە کاریکاتێری جیهانی، گۆشەیەکی تایبەت بە ژیانی هونەرمەندانی کاریکاتێرەوە، بە هونەرمەندانی کوردیش دەستپێکرا، دواتر لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی کوردستان و عیراقیش لاسایی دەکرانەوە. لەبەر بوونی چەندین کێشەی کارگێڕی لە کۆمەڵەی کاریکاتێریستانی کوردستانەوە، دەست لەکارکێشانەوەی ستافە سەرەکییەکەی گۆڤارکە لە کۆمەڵە و گۆڤارەکە کامەران خۆشناو، هەندرێن خۆشناو، لوئەی کۆیی لە مانگی ئەیلولی ٢٠٠٧ و چەندین هۆی تریش، گۆڤارەکە لە وەشاندن وەستا". (هەندرێن خۆشناو، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر، ١٠/٨/٢٠٢٢)

**کاری کاتۆر:** پاشکۆیەکی ڕۆژنامەیی کە لە نێو کوردستانی نوێ چاپ و بڵاو دەکرایەوە، یەکەم ژمارەی لە ٢٤/١١/٢٠١٨ دەرچوو، (٢٢ ) ژمارەی لێ بڵاو بووەوە. لە ساڵی ٢٠٢٠ بە هۆی گۆڕانکاری لە دەزگای ڕاگەیاندن دا ڕاوەستا. سەرنووسەر : ستران عەبدوڵلا، سەرپەرشتیار: بەختیار سەعید ، دیزاینێر: پەروەر کەرکوکی. (بەختیار سەعید، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- سلێمانی، ١٩/١/٢٠٢٢)

### 2-5-1-2- هونەرمەندانی کاریکاتێریستی کورستانی عێراق: (نەوەی یەکەم و دووهەمی هونەرمەندانی کاریکاتێریست)

توێژەر بۆ ئەو بەشە، جگە لە زانیاری لەسەر چەند بەرێزێک کە لە کتێب و سەرچاوە سوودی وەرگرتووە (کە وەک سەرچاوە ئاماژەی پێ کراوە)؛ ناچار بوو بۆ زۆرینەی هونەرمەندان پەیوەندی بە خۆیانەوە بگرێت.

**تێبینی:** ریزبەندی ناو و ژیاننامەی هونەرمەندەکان بە پێی ڕێکەوتی لەدایکبوونیان کراوە.

**حەسەن فەلاح:** "ئەو هونەرمەندە لە ڕاستیدا ناوی " شەمسەدین عەبدولقادر"ە و لە ساڵی ١٩١٠ لە شاری سلێمانی لەدایکبووە و لە ساڵی ١٩٧٦ لە شاری بەغدا کۆچی دوایی کردووە. حەسەن فەلاح ژیانێکی پڕ چەرمەسەری بەسەربردووە و لە زۆر شوێنی جۆراوجۆر ژیاوە و لە زۆر بواردا کاری کردووە . لە هەولێر، کەرکوک و بەغدا سەرباری ئیشوکاری ڕۆژانە خەریکی ڕەسم کردن بووە. حەسەن فەلاح بەشداری کردووە لە شۆڕشی شێخ مەحمود و لە یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی ئیستیقلال دا لە ساڵی ١٩٢٣ لە حکومەتەکەی شێخی نەمردا ناوی بە (ناظر الخدمە)-

هاتووە، هەر لەو سەروبەندەشدا و بەتایبەتی لە ساڵی ١٩٣٠ هاوڕێیەتی لەگەڵ عەزیز سەلیم –ی هونەرمەند دا دروست کردووە، ساڵی ١٩٤١ لە کاتی شەڕەکەی ڕەشید عالی گەیلانی لە بەغدا بەشداری لە گۆڤاری " حەبەزبوز" دا کردووە، حەسەن فەلاح لەو گۆڤارەدا بە کاریکاتێر وێنەی نووری سەعید و عەبدولئیلای کێشاوەتەوە، هەروەها بە پێی سەرچاوەکان هاوکاری گۆڤاری " الكشكول" –یشی کردووە. " (پیربال، ٢٠٠٦، ل ٩٨-١٠١)

**ئەنوەر تووڤی:** "ئەنوەر سینۆ محەمەد شەریف ناسراو بە ئەنڤەر تووڤی، لە ساڵی ١٩٢٧ لە گوندی بامەڕنی سەر بە شاری دهۆک لەدایکبووە، بنەماڵەکەیان لە گوندی تووڤی لە کورستانی تورکیاوە هاتوون، لە ناوەڕاستی پەنجاکاندا دارالمعلمینی لە مووسڵ تەواو کردووە، وێڕای ئەوەی سەرقاڵی هونەری شانۆگەری بووە، دەستی وێنەکێشانیشی هەبووە و بە یەکێک لە مامۆستایان و پێشەوای ڕەسم دەژمێردرێت لە کوردستاندا، هونەرمەند وەک زۆربەی نیگارێشانی ئەو سەردەمە، لە بەستێنی ڕازاندنەوەی بەرگی کتێبانیشدا کاری کردووە، لە هەمان کاتدا ئەگەر یەکەمین هونەرمەندی کاریکاتێریستیش نەبووبێت، ئەوا یەکێک بووە لە یەکەمین ئەو نیگارکێشانەی کە کاریکاتێریان درووست کردووە و بڵاوکردۆتەوە.(پیربال، ٢٠٠٦، ل ١٢١-١٢٢)

**دارا محەمەد عەلی:** لە ساڵی ١٩٥٠ لە شاری هەولێر لە دایکبووە و لە هەفتاکانەوە دەستی بە کاری هونەری کردووە. یەکەمین کاریکاتێری لە هەفتەنامەی هاوکاری بڵاو کردۆتەوە و پاشان لە گۆڤار و ڕۆژنامەگەلێکی وەک : ڕۆشنبیری نوێ، ئەستێرە، کاروانی وەرزشی، مەلای مەشهور، پێشکەوتن، زریمۆک، ئاسۆی فلکلۆر، گەپ، هەنگ، کوردستانی نوێ ، الموطن بەرهەمەکانی بڵاو کردۆتەوە. (دارا محەمەد عەلی، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر– هەولێر، ٢٩/١٢/٢٠٢٢)

**سەلاح محەمەد عەلی:** "لەدایکبووی ساڵی ١٩٥١ –ە لە شاری هەولێر. یەکەم کاریکاتێری خۆی لە ساڵی ١٩٩٠ لە هەفتەنامەی "هاوکاری" بڵاو کردۆتەوە. لە زۆربەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردستان، کاریکاتێری بڵاو کردۆتەوە، هەروەها لەو هەفتەنامە و گۆڤارانەی بەر لە ڕاپەڕینیش دا وەک: " پاشکۆی عێراق، هاوکاری، کاروانی وەرزش، تەندروستی و کۆمەڵ، ڕەنگین، کاروانی منداڵان" کە سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری عێراق بوون، کاریکاتێری بڵاو کردۆتەوە." (خۆشناو، ٢٠٠٨، ل٩٨)

**خالید ستار:** لە ساڵی ١٩٥٤ لە شاری کەرکوک لەدایکبووە. لە ساڵی ١٩٦٧ پەیوەندی بە شۆڕشەوە کردووە و قوتابخانەی جێهێشتووە. لە ساڵی ١٩٨٤–ەوە لە وڵاتی سوید نیشتەجێ و قۆناغی زانکۆی لە بواری سێرامیک لەو وڵاتە تێپەڕاندووە. لە ساڵی ٢٠٠٠–ەوە دەستی بە ئیشی کاریکاتێر کردووە، بەڵام بەرهەمەکانی لە گۆڤارەکان بڵاو نەکردۆتەوە. (خالید ستار، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر– سوید، ١٩/٤/٢٠٢٣)

**عەلی مەندەلاوی:** لە ساڵی ١٩٥٨ لە مەندەلی لەدایکبووە و لە ساڵی ١٩٧٩ پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدای تەواو کردووە و دواترلە ١٩٨٦ بەکالۆریۆسی لە بواری گرافیک دیزاین لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدا وەرگرتووە. دەستپێکی کاری هونەریی بە وێنەچیرۆک (ئیلێسترەیشن) بووە. یەکەم کاریکاتێری لە ڕۆژنامەی **تآخی** (برایەتی) لە بەغدا بڵاو کردۆتەوە و دواتر لە ساڵی ١٩٧٣ یەکەم پێشانگای لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا کردۆتەوە، لە ساڵی ١٩٧٥ لە پێشانگای پۆستێری سیاسی لە پەیمانگا بە پۆستێرێکی کاریکاتێر بەشداری کردووە. لە بڵاوکراوە کاریکاتێرییەکانی کوردستان لەگەڵ گۆڤاری **گەپ** هاوکاری کردووە. (عەلی مەندەلاوی، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر– هۆلەندا، ٨/٤/٢٠٢٣)

**ئازا حەسیب قەرەداغی:** لە ساڵی ١٩٦٠ لە شاری سلێمانی لەدایکبووە و لە نیوەی دووهەمی هەشتاکان دا چەند دانە پۆرترێتی کاریکاتێری لە گۆڤاری "کاروان" بڵاوکردۆتەوە، دواتر بە شێوەیەکی ڕێکوپێکتر بەرهەماکانی بە واژۆی "گەشە" و هەندێجار بە ناوی خۆیەوە لە گۆڤاری "تەندروستی و کۆمەڵ" بڵاوکردۆتەوە. لە دوای ڕاپەڕین یەکەم نامیلکەی کاریکاتێریی بە ناوی "دژە سەددام" بڵاو کردەوە. ئەمجار بەرهەمەکانی بە واژۆی "بڕوا" لە ڕۆژنامەی "ڕێگای کوردستان" بڵاو کردۆتەوە، وەک خۆی دەڵێت: دوایین چالاکی لە بواری کاریکاتێردا دووساڵ ئەرکی سەرنووسەر گۆڤاری "گەپ" بووە. (ئازا حەسیب، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر– هەولێر، ٢٩/١٢/٢٠٢٣)

**محەمەد عەبدولجەبار ساڵەیی (محەمەد ساڵەیی):** لە یەکەم کاریکاتێریستەکانی کوردستانە کە لە ساڵی ١٩٦٢ لە شاری کەرکوک لەدایکبووە. قۆناغەکانی سەرەتایی خوێندنی هەر لەو شارە تێپەڕاندووە، لە ساڵی ١٩٨٨ بەکالۆریۆس لە کۆلێژی کشتوکاڵی زانکۆی سەلاحەدین وەرگرتووە و دواتر لە ٢٠٠٨ بەکالۆریۆس "وێنەکێشان"ی لە زانکۆی بێلفۆرد لە ئەمەریکا وەرگرتووە، هەروەها لە ساڵی ٢٠١٠ لە وڵاتی کەنەدا کۆلێژی ئەکادیمیای ئینگلیزی تەواو کردووە. لە ساڵی ١٩٨٤ -ەوە دەستی کردووە بە بڵاوکردنەوەی کاریکاتێرەکانی لە ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمە، وەک : ڕۆژنامەی هاوکاری، ڕەنگین، تەندروستی و کۆمەڵ، بەیان، کاروان، کاروانی منداڵان، کاروانی وەرزش، کورستانی نوێ ، برایەتی ، گوڵان، هەنگ و .... هتد. لە ساڵی ١٩٨٨ تەنها هونەرمەندی کورد بووە، کە لە بەغدا بەشداری پێشبڕکێی کاریکاتێر بووە و خەڵاتی دووهەمی بەدەست هێناوە. لە ئێستادا پتر سەرقاڵی وێنەکێشانەوە و وازی لە هونەری کاریکاتێر هێناوە. (محەمەد ساڵەیی، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- کانادا، ٢/١/٢٠٢٣)

**بەکر عەبدولڕەحمان:** لە ساڵی ١٩٦٢ لە شاری سلێمانی لەدایکبووە، یەکەمین بەرهەمی لە ساڵی ٢٠٠٤ لە ڕۆژنامەی "**ژیانەوە**" بڵاوکردۆتەوە و لە دوای ئەو لە ڕۆژنامەکانی هاوڵاتی ، بەرگری، پێگە، کوردستانی نوێ و گۆڤاری کار، هەروەها لە گۆڤاری کاریکاتێریستانی جیهان union of world cartoonists ، گۆڤاری BirKitabBinDost ی تورکی و گۆڤاری Rossem Cartoon House ی مالیزیایی و لە مجلة جوهرة القوافی میسری و مجلة التقارب الثقافی جەزائیر و مجلة المنتدی لوبنانی بەرهەمەکانی بڵاو کردۆتەوە. (بەکر عەبدولڕەحمان، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- سلێمانی، ٩/٥/٢٠٢٣)

**ئاکۆ حەمە غەریب:** لە ساڵی ١٩٦٢ لە شاری سلێمانی لەدایکبووە، یەکەم جار لە گۆڤاری سیخورمە کاریکاتێری بڵاو کردوەتەوە و هەر بە خۆیشی دەستەی دامەزرێنەری بووە، هەروەها لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و هەفتەنامەی سۆما کاریکاتێری بڵاو کردۆتەوە.(ئاکۆ غەریب، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- سلێمانی، ١٢/٥/٢٠٢٣)

**جەبار سابیر قادر:** لە ساڵی ١٩٦٤ لە شاری هەولێر لەدایکبووە، یەکەم کاریکاتێری لە ساڵی ١٩٩٢ بڵاو کردۆتەوە. لە ٢٠٠٥-ەوە هەتا ئێستا کاریکاتێرەکانی لە زۆربەی ماڵپەڕو گۆڤارە ئەلکترۆنییە جیهانییەکان (تورکی، میسری، ئەرجەنتینی، عیراقی و مالیزی و ....هتد) بڵاو بۆتەوە. لە ناوخۆی کوردستانیش لە گۆڤارگەلێکی وەک: کوردستانی نوێ، میدیا، خۆرنەوازان، چەرمۆ، ژیان، نمنم و .... هتد بەرهەمەکانی بڵاو کردۆتەوە. (جەبار سابیر، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- هەولێر، ٤/٧/٢٠٢١)

**فەلاح عومەر(فەلاح شوان):** لە ساڵی ١٩٦٥ لە شاری کەرکوک لەدایکبووە، لە ساڵی ١٩٩١ یەکەم کاریکاتێری لە ناو ڕۆژنامەی کەرکوک بڵاوبۆوە، دواتر لە ڕۆژنامەی خەبات، کوردستانی نوێ و گەل بەرهەمەکانی بڵاو کردۆتەوە و پاشان لە ڕۆژنامەی المؤتمر وەک کاریکاتێریست و دیزاینێر دامەزرا تا ساڵی١٩٩٣ ، دواتر دەچێتە دەمیشق و لەوێ پێشانگا دەکاتەوەو کاریکاتێرەکانی لە ڕۆژنامەکانی ئۆپۆزۆسیۆنی عیراقی وەک: الاعتصام، نداء الرافدین ، الورکا، الرأي الأخر، بغداد، هەروەها لە گۆڤاری الهدف ی فەلەستین بڵاو دەکاتەوە. لە ساڵی ٢٠٠٤-ەوە وازی لە کاریکاتێر هێناوە. (فەلاح شوان، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- ئەمەریکا، ١٦/٨/٢٠٢٣)

**محەمەد فەتاح:** ١٩٦٥ لە سلێمانی لە دایکبووە، دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکان و دواتر زانکۆی هونەر بەشی شێوەکاری لە شاری سلێمانییە و ئێستا بەڕێوەبەری گشتییە لە ڕۆشنبیری هەڵەبجە. لە هەشتاکانەوە دەستی بە کاریکاتێر کردووە، بەڵام لەبەر دەسەڵاتی حکومەتی بەعس بڵاوی نەکردوونەتەوە، تا سەرەتای نەوەدەکان کە بەشداری چەندین پێشانگای کاریکاتێری کردووە ، لەگەڵ دامەزراندنی گۆڤاری سیخورمە لە یەکەم ژمارە تا کۆتا ژمارە بەشدار بووە، جیا لەو لە گۆڤارەکانی : سلێمانی، سلێمانی نوێ، بونیات، تایم، ئیتحاد، کریف ، سپێدە و....هتد بەرهەمەکانی بڵاو کردۆتەوە . (محەمەد فەتاح، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- سلێمانی، ٨/٤/٢٠٢٣)

**ئەدیبە سمایل مامە:** "لە دایکبووی ساڵی ١٩٦٦ی شاری هەولێرە، ئەدیبە سمایل مامە، کە بە یەکەم کچ دەژمێردرێت لە باشووری کوردستاندا، کە دەستی داوەتە قەڵەم لە بواری هونەری کاریکاتێر . یەکەم بەرهەمی کاریکاتێریی لە ١٩٨٧ لە هەفتەنامەی کاروانی وەرزش بڵاو کردۆتەوە. بەردەوامیش بوو لە بڵاوکردنەوەی تابلۆ کاریکاتێرییەکانی لە ڕۆژنامەکانی

هاوکاری و پشکۆی عیراق و ڕەنگین و تەندروستی و کۆمەڵ و گۆڤاری منداڵان،  هەروەها دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی ١٩٩١، ئەدیبە ئیسماعیل مامە بەردەوام بوو لەسەر ئەم ڕێچکە هونەرییە و لە ڕۆژنامەکانی کوردستانیش بەرهەمەکانی بڵاو دەکردەوە. ئەو کچە هەست ناسکە زۆر خولیای هونەر بوو، بۆیە هەوڵی ئەوەی دا ئەکادیمیانە شارەزای بنەماکانی هونەر بێت، ویستی لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان لە بەغدا وەربگیرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی نەببوو بە بەعسی ئەو ئاواتەی نەهاتە دی، لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی وەرگیرا، بەڵام لەبەر گرانی ئەرکی سەرشانی، ئەدیبە نەیتوانی درێژە بە خوێندن بدات. ئەم هەموو کارەسات و نەهامەتییانەی کە هاتبوونە بەردەم ئەدیبە، وای لێ کرد، کە دەست بداتە قەڵەم و فڵچە بۆ نەخشاندنی چەندین تابلۆی هونەری، دوایی هەستی کرد کە تەنیا بە هونەری کاریکاتێر بە جوانترین شێوە ئەو ئێش و ئازارانە دەرببڕێت و هەوڵی گۆڕینی ئەو واقیعە تاڵە بدات تێیکەوتبوو خۆی ، خێزان و گەلەکەشی." (خۆشناو، ٢٠٠٨، ل٩٩).

**عەلی دەرویش (بەمۆ):** لە ساڵی ١٩٦٦ لە کەرکوک لەدایکبووە، لە ساڵی ١٩٩٢-ەوە بە شێوازێکی جدی هاتۆتە نێو بواری کاریکاتێرەوە. لە ساڵی ١٩٩٦ بۆ یەکەمجار لە کەرکوک پێشانگایەک لە کاریکاتێری کەسایەتییەکانی شاری کەرکوک دەکاتەوە. هونەرمەند عەلی دەروێش لەگەڵ زۆرینەی گۆڤار و بڵاوکراوەکانی کاریکاتێر لە کوردستان هاوکاری کردووە، لە هەندێکیان وەک دەهۆڵ تایمز دەوری سەرەکی هەبووە. (عەلی دەروێش، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- فەرەنسا، ٦/٨/٢٠٢٢)

**ئازاد جەواد ئەحمەد (گرفتار کاکەیی):** لە ساڵی ١٩٦٧ لە شاری کەرکوک لەدایکبووە. لە سەرەتای هەشتاکانەوە دەستی کردووە بە کاری کاریکاتێر، بەڵام لە بڵاو کراوەکانی سەردەمی بەعس بڵاوی نەکردوونەتەوە. لە ١٩٩٢ یەکەم کاریکاتێری لە ڕۆژنامەی ڕێگەی کوردستان بڵاو کردۆتەوە و هەتا ئێستا بەرهەمەکانی لە زۆرینەی گۆڤار و ڕۆژنامەکان وەک : زەنگی ئاوارە، المؤتمر، مەلامەشهور، سیخورمە، گەپ بڵاو بوونەتەوە. (گرفتار کاکەیی، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- ئالمان، ٥/٨/٢٠٢٢)

**سەرچڵ شەوقی:** سەرچڵ مەحمود عەبدولقادر شەوقی، لەساڵی ١٩٦٣ لە شاری سلێمانی لەدایکبووە، دبلۆمی نیگارکێشان و بەکالۆریۆس پەروەردەیی لە بواری هونەردا بەدەست هێناوە.  لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە بەرهەمەکانی بڵاو کردۆتەوە و لە ساڵی ١٩٨٩ بۆ یەکەم جار پێشانگای کاریکاتێری لە سلێمانی کردۆتەوە. بەرهەمەکانی لە ڕۆژنامە و بڵاوکراوەی وەک : هاوکاری، پاشکۆی عێراق، ڕەنگین و هەروەها پاش ڕاپەڕین لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوی، دەروازە و گۆڤاری سیخورمە ، سەنگەر و لە گۆڤاری دیمانە کە لە سوید دەردەچوو بڵاو کردۆتەوە. (سەرچڵ شەوقی، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- سلێمانی، ١٩/٤/٢٠٢٣)

**محەمەد قادر: (سەردەم)** لە ساڵی ١٩٧١ لە شاری سلێمانی لەدایکبووە، دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانییە لە بەشی نیگارکێشان. لە زۆربەی گۆڤار و بڵاوکراوەکانی کاریکاتێر لە کوردستاندا کاریکاتێری بڵاو کردۆتەوە و لە گۆڤاری گەپ وەک سەرنووسەر و دەستەی دامەزرێنەر و دواتر وەک خاوەن ئیمتیاز کاری کردووە .(محەمەد قادر، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- هەولێر، ١٠/١/٢٠٢٣)

**شەماڵ شوکور مەولود (پەروەر کەرکوکی):** لە ساڵی ١٩٧٢ لە کەرکوک لەدایکبووە، یەکەمین کاریکاتێری لەساڵی ١٩٨٦ بڵاو کردۆتەوە.  لە زۆربەی بڵاوکراوەکانی دوای ڕاپەڕین بەرهەمی بڵاو کردۆتەوە وەک : هاوڵاتی، ئاوێنە، کوردستانی نویٚ، برایەتی، الاسبوعیە- دەزگای خەندان و هەروەها گۆڤاری گەپ. (پەروەر کەرکوکی، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- سلێمانی، ٤/٨/٢٠٢٢)

**ڕێناس عارف:** لە ساڵی  ١٩٧٢ لە شاری سلێمانی لە دایکبووە، لە چەندین بواری جیا وەک گرافیک میدیا، مەلتی میدیا و وێب دیزاین و هەروەها نیگارکێشان لە زانکۆکانی هۆڵەند دەرسی خوێندووە . کاریکاتێرەکانی لە گۆڤارەکانی : ئاوێنە، هاوڵاتی، لڤین، کوردستانی نویٚ، ئۆکتۆبەر، میدیا، گۆڤاری وەرزی دەرگاوان. لە گۆڤارە هۆڵەندییەکان وەک: Nieuwspoor وUAF و هەروەها لە هەندیٚ گۆڤاری جیهانی وەک : Rossum Cartoon House, umc

cartoon, de tulp بڵاو بوونەتەوە. (ڕێناس عارف، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- هۆڵەندا، ١٩/٤/٢٠٢٣)

**سەردار کێستەیی:** لە ساڵی ١٩٧٣ لە شاری دهۆک لەدایکبووە و یەکەم پێشانگای کاریکاتێری لە ساڵی ١٩٩٤ لە دهۆک کردۆتەوە. بەرهەمەکانی لە : هەفتەنامەی پەیمان، گۆڤاری مەتین، گازی، مەلامەشهور، گەپ، هێلین و هەروەها مجلة الصوت الاخر ، ڕۆژنامەی وار و ....هتد . بڵاو کردۆتەوە. (سەردار کێستەیی، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- ئەمەریکا، ٢١/٤/٢٠٢٣)

**کیڤان محو ئیسماعیل: (کیڤان بارزانی)** لە ساڵی ١٩٧٣ لە بارزان لەدایکبووە، دەرچووی کۆلێژی هونەرەجوانەکانە لە بەشی شێوەکاری. یەکەمین کاریکاتێری لە ڕۆژنامەی (مؤتمر معارضة العراقية) بڵاو کردۆتەوە ، دواتر لەبڵاوکراوەکانی وەک گولان، خەبات و دەنگی پێشمەرگە بەرهەمەکانی بڵاو کردۆتەوە. (کیڤان محو، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- هەولێر، ٢١/٤/٢٠٢٣)

**سالم سەلیم (سالم دۆسکی):** لە ساڵی ١٩٧٨ لە شاری دهۆک لە دایکبووە؛ دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی دهۆک و دواتر زانکۆی هونەری دهۆکە لە بەشی شێوەکاری. بەرهەمەکانی لە گۆڤاری گەپ و هەروەها چەندین ڕۆژنامە و گۆڤاریتر بڵاوکردۆتەوە و نها سەرقاڵی کاری گرافیک دیزاینە. (سالم سەلیم، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- دهۆک، ١٩/٤/٢٠٢٣)

**سەردار عەبدوڵلا:** لە ساڵی ١٩٦٧ لە شاری سلێمانی لەدایکبووە و یەکەم کاریکاتێری لە ساڵی ١٩٩٣ بڵاو کردۆتەوە، لە ساڵی ١٩٩٤ یەکەم پێشانگای کاریکاتێری لەگەڵ ڕێناس عارف و شوکاک عەبدولستار لە هۆڵی سورکێو لە سلێمانی و دواتر لە ڕانیە و هەولێر بەڕێوە دەبات. بەرهەمەکانی لە گۆڤارەکانی ئەدەب، هونەری کرێکاری، شەبەنگ، بۆ پێشەوە، ڕێگای کوردستان، کوردستانی نوێ، القدس و کیهان بڵاو کردۆتەوە. جگە لەوە لە وڵاتانی وەک تورکیا، سوید، کەنەدا، فینلاند، ئەلمانیا و یابان پێشانگای کاریکاتێری بەڕێوە بردووە.(سەردار عەبدوڵلا، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- سلێمانی، ٢٧/٦/٢٠٢٣)

**شوکاک عەبدولستار:** لە ساڵی ١٩٦٠ لە سلێمانی لە دایکبووە. لە ساڵی ١٩٩٣ تا ١٩٩٥ پێشانگای هاوبەشی کاریکاتێری سیاسی لە هۆڵی سورکێو کردۆتەوە، بەرهەمەکانی لە چەندین گۆڤار و ڕۆژنامەدا بڵاو بۆتەوە.

**هەندرێن خۆشناو:** لە ساڵی ١٩٦٩ لە شاری هەولێر لەدایکبووە، لە بواری کاریکاتێر دا کەسێکی زۆر چالاکە : لە گۆڤاری مەلامەشهور دا کاریکاتێریست و نووسەر ، لە گۆڤاری تەنزوێنە دەستەی دامەزرێنەر، بەڕێوەبەری نووسین و کاریکاتێریست و لە گۆڤاری گەپ دەستەی دامەزرێنەر و کاریکاتێریست، هەروەها لە پاشکۆی کاریکاتێری کاری کاتۆر نووسەر و کاریکاتێریست بووە. لە زۆرینەی بڵاوکراوەکانی کاریکاتێر لە کوردستان بەرهەمەکانی بڵاو کردۆتەوە. (هەندرێن خۆشناو، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- هەولێر، ١٠/٨/٢٠٢٢)

**سەباح حسێن ساڵح:** لە دایکبووی ساڵی ١٩٧٣ لە دەڤەری مزووری باڵایە و ساڵی ١٩٩٩ بەکالۆریۆس لە بواری وێنەکێشان لە زانکۆی هونەری تاران و ساڵی ٢٠٠٣ ماستەری ئەنیمەیشنی لە زانکۆی تربیت مدرسی تاران و ساڵی ٢٠١٩ دکتۆرای لە بواری توێژینەوەی هونەر لە زانکۆی هونەری ئیسفەهان وەرگرتووە. پتر لە ٣٠ ساڵە لە بواری کاریکاتێر کار دەکات. لە ژانرەکانی : کاریکاتێری پیشەیی، تەنزی کۆمەڵایەتی و فەلسەفی و ڕەخنەیی لەخۆ دەگرێت و جاروبار لە هەندێ گۆڤار و ڕۆژنامەدا کارەکانی بڵاو کردۆتەوە. ئێستاش لە کۆلێژی هونەرەجوانەکانی زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر، مامۆستایە. (سەباح حسێن ، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- هەولێر، ٢٦/٥/٢٠٢٤)

**بۆتان نالەیی:** لە ساڵی ١٩٧٩ لە شاری هەولێر لەدایکبووە و لە ساڵی ١٩٩٤-ەوە سەرقاڵی کاری هونەرییە، سەرۆکی کۆمەڵەی هونەری کاریکاتێری کوردستانە، جێگری سەرنووسەر لە گۆڤاری تەنزوێنە و بەڕێوەبەری گشتی هەفتەنامەی کاریکاتێر بووە لە هەفتەنامەی بەدرخان، لەگەڵ چەندین ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردستان هاوکاری کردووە. (بۆتان نالەیی، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- هەولێر، ١٦/٦/٢٠٢٣) .

### 2-2- ئاماژەکانی چوارچێوەی تیۆری:

1- تا پێش ڕاپەڕینی کوردستانی عێراق، تەنها چەند کاریکاتێریستێک بەرهەمەکانیان بڵاو کردۆتەوە.

2- هونەرمەندان بە حەز و خولیای خۆیان و بێ هیچ چەشنە پەروەردەیەکی ئەکادیمی، دەستیان داوەتە هونەری کاریکاتێر و فێری بوون.

3- لەپاش ڕاپەڕینی کوردستانی عێراقەوە، کاریکاتێریستەکان وردە وردە بەرهەمەکانیان بڵاو دەکەنەوە و لە ساڵی ۹۷ تا ۲۰۱۵ ژمارەیەک گۆڤاری تایبەت بە هونەری کاریکاتێر چاپ و بڵاو دەبنەوە و چالاکییەکان زیاتر دەبن.

4- لە ۹۷-ەوە تا ۲۰۱۵، چالاکییەکان و بەتایبەتی بڵاوکراوەکان بەردەوام دەبن. دواتر بە هۆی کێشەی ئابووری، چالاکییەکان دەوەستن و بڵاوکراوەکان بە یەکجاری دادەخرێن، لەو کاتەوە تا ئەمرۆ هیچ گۆڤارێکی تایبەت بە کاریکاتێر لە هەرێمی کوردستان دەرنەچووە.

## سێهەم: ڕێکارەکانی توێژینەوە:

### 3-1- کۆمەڵگای توێژینەوە:

توێژەر کۆمەڵگای توێژینەوەکەی کە لە ۲۷ هونەرمەندی کاریکاتێریست پێکهاتووە، دیاری کردووە کە لە بواری کارتۆن و کاریکاتێر ساڵانێکە چالاکن و خاوەنی ئەزموونن چ لە نێوخۆی کوردستان (بە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمەوە)، چ لە دەرەوەی وڵات.

### 3-2- ڕێبازی توێژینەوە:

توێژەر بۆ ئەم تووێژینەوەیە لە ڕێبازی شیکاری- وەسفی سوودی وەرگرتووە.

### 3-3- نموونەی توێژینەوە:

توێژەر ٤ نموونەی لە ٤ هونەرمەندی کاریکاتێریست کە لە جۆری بابەت و تەکنیک لێک جیاوازن وەرگرتووە ، بۆ ئەم مەبەستەش ئانالیزی هەرکامیان بە جیا ئەنجام دەدات.

### 3-4- شیکردنەوەی نموونەکان:

**نموونەی ژمارە ۱:**

ناوی هونەرمەند: خالید ستار محەمەد


ناوی تابلۆ: بێ شرۆڤە

قەبارە: ۲۰X۲۰ سم

مەتریالی بەکارهاتوو: قەڵەم سۆفت لەسەر کەغەزی ڕەنگی

ساڵی دروستکردن: ۲۰۱۱

ژانر : کاریکاتێری سیاسی



**وەسفی کاری هونەری:** ئەم کارە لە شێوەی چوارگۆشەیە و لە سێ فیگەر پێکهاتووە، دوو لە فیگەرەکان بە شێوەی پۆرترێتی گەورە کە لە بەشی ڕاست و چەپ دان. یەکیان کڵاوێکی سووری لەسەردایە، ئەویتریش مەلایەکە بە مێزەرێکی ڕەشەوە. فیگەری سێهەم کەسێکە بە جلی کوردییەوە بە قەبارەی بچوکتر لە ناوەندی هەردوکیان و ناوەڕاستی بەرهەمەکە ڕاوەستاوە. بەشی هەرە زۆری فەزای کارەکە بە ڕەنگی مەیلەو زەردە.

**داڕشتن:** سیستەمی داڕشتنی ئەم بەرهەمە کە سێ فیگەر لەخۆ دەگرێت؛ ئەگەر بە خاڵ بیانچووێنین، لە شێوەی سێگۆشەیەکی سەراوبنە، کە لەسەر گۆشەیەکەیی وەستاوە و ناسەقامگیرە. کڵاوە سووەرەکەی پۆرترێتی لای ڕاست یەکەم فاکتەرە کە سەرنجی بینەر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت و لەوێوە نیگا دەچێتە سەر پۆرترێتی لای چەپ، کە مێزەرێکی ڕەشی لەسەرە و لەوێشەوە دەچێتە سەر کەسایەتی سەنتەری بەرهەمەکە ،کە پیاوێکی کوردە. لەگەڵ ئەوەی ڕەنگی سووری کڵاوەکە سەرنج ڕادەکێشێت، بەڵام سیادەی ئەم کارە بە دوو هۆکار دێتە سەر فیگەری پیاوە کوردەکە: یەکەم هۆکار - ئەوەیە کە بەکگراوندی پشتی ئەم کەسایەتییە ڕووبەرێکی ڕەشە، کە لە جەستەی فیگەرەکانی تر پێکهاتووە و بۆتە هۆی دروستبوونی کۆنتراستێک بۆ بارز بوونی. دووهەم هۆکار- ئەوەیە کە خاڵی یەکتربڕی هێڵەکانی گۆشە بۆ گۆشە ڕێک دەکەوێتە سەنتەری تابلۆکە، کە سەری پیاوە کوردەکەیە.

**تەکنیک:** هونەرمەند بۆ ئەو بەرهەمە سوودی لە قەڵەم سۆفت لەسەر کاغەزی فابریانۆی ڕەنگی مەیلەو زەرد وەرگرتووە.

**شرۆڤە:** توێژەر پێی وایە هونەرمەند خالید ستار دوو کەسایەتیی لە دوو کاراکتێردا کە نوێنەری دوو وڵاتن پیشانداوە؛ یەکیان نوێنەری هێڵی سوننەی تورکی عوسمانی و ئەوی تر نوێنەری هێڵی دەوڵەتی شیعەی سەفەوی ئێرانییە. ئەو دوو کاراکتێرە وەک دوو کەسی بە تەمەن پێشاندراون، کە گوزارشت لە دوو دەسەڵاتی کۆنی ناوچەکە دەکەن. لەسەر و سیمادا لێک جیاوازن، بەڵام لە بەشی جەستەدا بەیەکەوە لکاون و یەک شتن. هەردووک لێو بەخەندە و شادن، لە ناوەندی ئەو دوو کاراکتێرە کەسێک بە جلی کوردییەوە بوونی هەیە، بە پێچەوانەی ئەوان خەمبار و ناشادە، ئەگەرچی ئەو دوو کاراکتێرە بەس ڕوخسارن، بەڵام ئەو باڵای تەواوە و لە سایز و قەوارەدا بچوکترە. بە هەردوو دەستی نیوگیرفانەکانی دەرهێناوە، کە گوزارشت لە بێ سامانی و خراپبوونی دۆخی دەکات، بەپێچەوانەی ئەو کاراکتێرانەی تر، کە جەستەیان تۆخ و تاریکە، گشت جەستەی ئەو لە ڕووناکی دایە. هونەرمەند لە زەمینەی مەیلەو زەردی کاغەزەکە بۆ ئەم مەبەستە سوودی بینیووە و بە هێڵی چەماوی دەوروبەر نیشانی داوە. ئاراستەی هێڵەکان لە سەرەوە بۆ خووارەوەیە، هونەرمەند هەوڵی داوە یەکتربڕ نەبن. دوو کاراکتێرەکە دەڕووانننە پیاوە کوردەکە. وا دەردەکەوێت بە دۆخی ناشادی ئەو شادن!! هەندێجار هێڵەکان لە فۆرمەکە ترازاون و تێکەڵ بە باکگراوندە زەردەکە بوون، هەر ئەمەش لە باری تەکنیکەوە دەوڵەمەندی کردووە و لە حاڵەتی گرافیکی دەری هێناوە.

توێژەر پێی وایە بە پێی تایبەتمەندییەکانی ئەم بەرهەمە؛ خاوەنی تەکنیکێکی بەرز و ڕەخنەیی و کریتیکاڵە و لە ژانری کاریکاتێری سیاسی دایە، دەکرێت تا ئاستی بەرهەمێکی جیهانی هەژمار بکرێت.

**نموونەی ژمارە 2:**

ناوی هونەرمەند: عەلی مەندەلاوی

ناوی تابلۆ: پۆرترێتی ئیسماعیل خەیات

قەبارە: ٢٠X ٣٠ سم

مەتریالی بەکارهاتوو: ڕەنگی ئاوی لەسەر کاغەز

ساڵی دروستکردن: ٢٠١٤

ژانر: فەیس کاریکاتێر



**وەسفی کاری هونەری:** لە یەکەم نیگادا چاوی بینەر بە کەسێک دەکەوێت؛ سەرو سمێڵێکی گەورە ، مڕ و مۆچ و زۆر جددی، دوو باڵی لێک کردۆتەوە. بە دەستی چەپ پێنووسێکی هێڵکاری پێیە و بە دەستی ڕاستیشی فڵچەیەکی گەورەی وێنەکێشان کە نووکی فڵچەکە ئاگری لێ بەرز بۆتەوە. سەری زلە و قاچەکانی بچووک و لەسەر شتێک ڕاوەستاوە.

**داڕشتن:** چوارچێوەی کارەکە لاکێشی ستوونییە، ئەم تابلۆیە لە باری داڕشتنەوە؛ سانا و ساکارە. لە یەکەم نیگادا چاو دەچێتە سەر ڕوخسارەکە و دواتر نیگا دادەخزێتە سەر فڵچەکە. هونەرمەند بۆ فڵچەکە لە هێڵی لار (مایل) کەڵکی وەرگرتووە. نیگای بینەر لە ئاگرەکەوە خێرا دێتە خوارێ بۆ ئەو بەشەی جەستەی کاراکتێرەکە کە کۆمەڵێک پێنووس و قەڵەمی بە شێوەی فیشەکدان لە کەمەری بەستووە و لەوێشەوە دەگوازرێتەوە بەرەو دەستی چەپ کە قەڵەمەکەی پێیە. لاقەکان دوایین شتە، کە بینەر سەرنجی دەدات.

ئاراستەی فڵچە و لاقەکان و پێنووسەکە لە بەشی لای ڕاستی خوارەوەی تابلۆکە لە خاڵێکدا یەک دەگرنەوە واتە گۆشەی دیدی بینەر لە سەرەوەیە. ئەگەرچی کاراکتێری نێو تابلۆکە لەسەر فۆڕمێکی هاوشێوەی بەرد وەستاوە و ئاوێزان نییە، سەرەڕای ئەوەش لە باری داڕشتنەوە مایندە و جێگیر نییە.

هونەرمەند گۆشەی ڕاستی لای خوارێی بەرهەمەکەی بە تاریکییەکی تۆخ پڕ کردۆتەوە بە مەبەستی دروستکردنی پارسەنگیەک لە بەرانبەر تاریکی و تۆخی پرچ و سمێڵی کاراکتێرەکە و هەروەها بەشە ڕەنگییەکانی ڕوخسار و ئاگری فڵچەکە.

**تەکنیک:** هونەرمەند بۆ ئەم بەرهەمە لە پێشدا کەڵکی لە ڕەنگی ئاوی لەسەر کاغەز وەرگرتووە و بۆ قۆناغی کۆتایی سوودی لە ئامرازەکانی دیجیتال بینیووە.

**شرۆڤە:** هونەرمەند ساڵانێکی زۆر لەسەر پۆرترێتی کەسایەتییە سیاسی، هونەری و ئەدەبییەکانی جیهان و ناوچەکە کاری کردووە. کاراکتێری ئەم نموونەیە ڕەوانشاد هونەرمەند ئیسماعیل خەیات-ە [7] . لەبەر ئەوەی هونەرمەند مەندەلاوی ئاناتۆمی ڕوخسار و جەستە باش دەناسێت، بە سوود وەرگرتن لە تۆناتی ڕەنگی، باڕست و قەبارەی ڕوخسارەکەی بە باشی دەرهێناوە و بە پێی توانا، دیفۆرمەی کردووە واتە ڕێژەکانی گۆڕیووە. ئەم بەرهەمە و زۆربەی کارەکانی تری، کە لەسەر کەسایەتییەکان کردوویەتی، تاک پێرسۆناژ و بە تەنیان. تەواو باڵایان دیارە و هەر کەسە و ئامێرێکی تایبەتی بەدەستەوەیە، کە سیمبول و هێمای پسپۆڕی کارەکەیەتی. لێرەدا ئیسماعیل خەیات کە هونەرمەندێکی بواری شێوەکاری-وێنەکێشانە، پێنووس و فڵچەی بە دەستەوەیە. جگە لەوە، لەم بەرهەمەدا هێمایەکی تریش دەبینرێت، بەردەکەی بن پێی سمایل خەیات، کە ئاماژەیە بە رابردووی هونەری ئەم کاراکتێرە؛ واتە پرۆژەی ئاشتی[8] کە دواتریش بووە هۆی ئەوەی " **بەرد**" ببێتە کەرەستەیەکی سەرەکی بەرهەمەکانی. هونەرمەند ناسیاوی باشی لەگەڵ ئەو کاراکتێرەی هەڵبیبژاردووە هەیە؛ لەبەر ئەوە وای پێشانداوە، کە بە هونەرەکەی دەجەنگێت، فڵچەکەی دەستی بۆتە ئاگر و پێینووسەکانی بوونەتە فیشەک.

لە باری پۆزەیشن و میمیکی ڕوخسارەوە (حاڵەتی دەموچاو)، ئەم پۆرترێتە و ئەوانی تریش سارد و بێ هەست و خوستن، مۆدێل بەو جۆرەی دەستی بەرز کردۆتەوە،دەڵێی دەچێتە جەنگێکی هونەرییەوە. لانیکەم دەبوایە گۆڕانێک لە میمیکی ڕوخسار و گرژبوونەوەیەک لە هەندێ لە ماسولکەکانی دەموچاوی رووبدات، کە پەیوەندی هەبووایە لەگەڵ جووڵەی جەستەی. توێژەر پێی وایە هونەرمەند سوودی لە وێنە وەرگرتووە، تا شێوەی کەسەکە وەک خۆی دەربچێت، هەر ئەوەش ڕۆڵی هەبووە لە ئیشکی کارەکەدا. ئەم بەرهەمە و کۆ بەرهەمەکانی تری هونەرمەند کە لەسەر کەسایەتییەکان کردوویەتی، پتر لە پەیکەرێک دەچن، کە لە شوێنێک و گۆڕەپانێکی گشتی لەبەردیدی جەماوەر دانرابن، واتە قورسایی و هێزێکی داوە بە کەسایەتییەکان.

هونەرمەند جگە لە دوو شێوازی گرنگی Humor (گاڵتە و گەپ) و Satir (تەوس و پلار تێگرتن) کە کاری تێیدا کردووە، لە بواری پۆرترێتیشدا شارەزا و لێهاتووە و ئەو بەرهەمانەی دەچێتە ژانری فەیس کاریکاتێرەوە.



**نموونەی ژمارە 3:**

ناوی هونەرمەند: شەماڵ شوکور مەولود (پەروەر کەرکوکی)

ناوی تابلۆ: بێشرۆڤە

قەبارە: ٤٢X ٣٠ سم (A3)

مەتریالی بەکارهاتوو: دیجیتال

ساڵی دروستکردن: ٢٠١٨

ژانر: Satir (تەوس و پلار)

**وەسفی کاری هونەری:** ڕاست لە ناوەندی لاپەڕەکە فیگەرێک دەبینرێت، کە بە هەیبەتێکەوە قیت ڕاوەستاوە، سینگی داوەتە پێش و دەستەکانی هەڵپێکاوە. سەری بە حاڵەتی غرور بەرز کردۆتەوە و لێو بە بزە و جگەرێکیش لەسەر لێویەتی. کڵاو و جامانەی کوردی لەسەرە، نیوەی جەستەی بۆتە بەرمیلێک و سەری بۆ لای چەپ سووڕاندووە.

**داڕشتن:** سیستەمی ئاراستەی ئەم بەرهەمە لاکێشی ستوونییە، کارێکی دیجیتاڵییە بە سایزی A3. لە ئانالیزی کارەکەدا توێژەر پێیوایە جگە لە وردەکارییەکان ئەم بەرهەمە لە چەند فۆرمی بنەڕەتی پێکهاتووە: ١- فۆرمێکی هێلکەیی گەورەی زەرد، کەسک و مەیلەو زەیتوونی، لە پشت فیگەرەکە بە چەشنی ستوونییە. ٢- فۆرمێکی هێلکەیی بە شێوەی ئاسۆیی نیلی، بەشی نەوتە ڕژاوەکە. ٣- فیگەرەکە هەر بۆ خۆی لە سێ فۆرمی سەرەکی پێک هاتووە؛ بەشی جەستە کە فۆرمێکی لاکێشی ستوونییە، بەشی سەلکە سەرەکەش فۆرمێکی هێلکەییە، سەرسینگی کە ئەویش هەر فۆرمەکەی هێلکەییە. واتە بەگشتی دەسەڵات زیاتر بە فۆرمی هێلکەیی، بازنەیی و هێڵی کەوانییە، لەم فۆرمانەش دا گەڕانەوەی وزە بۆ نێو خودی فۆرمەکەیە. ئەمانە و شێوازی ڕاوەستانی فیگەرەکە، جۆرێک سەقامگیری بە کارەکە بەخشیووە.

توێژەر ڕای وایە، چاوی بینەر بەر لە هەموو شتێک دەکەوێتە سەر سینگی فیگەرەکە، بە چەند هۆکارێک: ١- دروست لە ناوەندی لاپەڕەکە دایە. ٢- وەک فۆرمێکی بچووککراوە لە فۆرمە هێلکەییە گەورەکەی پشتەوە کە پرسپێکتیڤێک بەرەو ژوورەوە دروست دەکات. ٣- دژبەر(کۆنتراست)-ی زۆری هەیە لەگەڵ دەوروبەری خۆی.

دوای ئەوە نیگا دەچێتە سەر ڕوخساری کاراکتێرەکە و لەوێشەوە بەرەو جەستە، کە هونەرمەند وەک بەرمیلێک پێشانی داوە، نیگا دادەبەزێتە سەر ئەو کونانەی نەوتەکەی لێ دەچۆڕێت و دەڕژێتە خوارەوە، پاشان ئەو بەشەی نەوتەکە کە زەمینەیەکی ڕەشە و وەک ئەنجامێک سەرنج بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت.

کۆنتراست لەو بەرهەمەدا: ڕەنگی زەرد کەسکی زەمینە بۆ دەرخستنی ڕەنگی سورمۆری جگەرەکە و دەرخستنی فیگەرەکە بەگشتی. فۆرمی هەڵگەڕانی بزە و سمێڵ بەرەو سەرەوە، بەپێچەوانە فۆرمی نەوتەکە، کە لە کونەکانەوە دەڕژێتە خوارەوە. دژبەرییەکی تر لە کۆنتڕاستی ڕەنگەکاندایە. دژبەری سێهەم کە توێژەر لێی ڕوون نییە، ئایا بە زانست کراوە یا نا. ئێلێمانی جگەرەکەیە لە کۆنتراست لەگەڵ نەوتەکەدا.(وەکو دوو بابەتی دژبەیەک لە خەسڵەت دا کە جێی مەترسییە). جووڵە لەم کارەدا زۆر کەم و قەتیس، بەگشتی داڕشتنێکی هێلکەیی وسانترالیزە.

**تەکنیک:** هونەرمەند پەروەر کەرکوکی بۆ دروست کردنی ئەم بەرهەمە سوودی لە ئامێر و تەکنیکی دیجیتاڵی وەرگرتووە. لە پێشدا بە شێوەی ئاوتلاین پاشان بە ڕەنگ پڕی کردۆتەوە . فۆرمە هێلکەییە گەورەکەی پشتەوە و هەروەها فۆرمی هێلکەیی نەوتە ڕژاوەکە تەخت و فلاتن، بەڵام جەستەی کاراکتێرەکە بە تەکنیکی گرادیەنت بەرجەستە کراوە (سەرەوە کاڵە و بەرەبەرە بۆ خوارەوە تۆخ بووە تا گەیشتۆتە تۆخی ڕەنگی نەوتەکە).

توێژەر پێی وایە هونەرمەند کەمتر لە هێڵی ئازاد سوودی بینیووە، هێڵەکان داخراون و ڕووبەریان پێک هێناوە. قەوس و کەوان زاڵە و هێڵی شکاوی تێدا نییە. لە باری دیفۆرمە کردن پەروەر هەوڵ دەدات، کاراکتێر و ستایلێکی تایبەت و جیاواز بۆخۆی دەستەبەر بکات. زۆربەی کارەکانی تاک پێرسۆناژین و ئەو تاکە گوزارشت لە جەماوەر دەکات، کاراکتێرەکان هەم جیهانی هەم ناوچەیین واتە ئارکیتایپن.

**شــــڕۆڤە:** بەگشـــتی کارەکانی پەروەر ســــاکار و مینیمالن؛ ئەو بەرهەمەش هەروایە، هیچ ڕەنگێک یا هێڵێک بە زیاد دانەنراوە ، هەر شـــتێک بەقەرا و ئەندازەی خۆیەتی، تەنانەت دڵۆپەکانی خوارەوەش بە شـــێوەی هاوتا (ســـیمیتریک) دانراون، هەر ئەوەش شـــێوەیەکی پەیکەرە ئاســـای بەکارەکە بەخشـــیووە، بەڵام فۆرمالیتە و ڕووکەشـــانەیە؛ وەک فوودانەیەک بەرەو پوکانەوە. هونەرمەند لێرەدا ڕەخنەیەکی ســـیاســـی ئابووری لە دەســـەڵاتی هەرێمی کوردســـتان دەگرێت، ئەم دەسەڵاتە لە قەوارەی کەسیک کە کڵاو و جامانەی لەسەرە، پۆزێکی زلی هەیە و سمێڵ بابڕە بەرجەستە کراوە؛ جگەرەیەکیش بە لالێویەتی کە گوزارش لە دۆخێکی باش و گونجاو دەکات. دەوری چاوەکانی ڕەش، کە دوو خاڵی سـپی زەق لە ناوەندی دایە کە شـێوەیەکی ئەهریمەنی پێ داوە. بزەیەکی خۆشـیی پڕ لە شـانازی و شـکۆمەندی لەسـەر لێویەتی، وا پێ دەچیت، کە کەیفی سـازە و لە دۆخێکی باشـدایە. هونەرمەند ئەم کەسـایەتییە دەکاتە کاراکتێر و ئارکیتایپی دەســەڵاتێکی کوردی . ئەو جۆرە کەســایەتییە لە وێنە کۆنەکانیشــدا زۆر بەرچاوە- ســەرۆک عەشــیرە و هۆزەکان بەو قەڵافەتە دەرکەوتوون، دیارە هونەرمەند بە زانستەوە سوودی لەم پۆزیشێنە بینیووە.

دژبەرییەکی تر کە لێرەدا دێتە ئاراوە، خۆشحاڵی کاراکتێرەکە و کون کونبوونی جەستەیەتی!! دۆخێکی ناتەبا یە، ڕوون نییە، ئایا خۆشـحاڵە کە خاوەنی نەوتە و ســامانداره، یان خۆشـــحاڵە لەوەی لەبەری دەڕوات و لە کۆڵی دەبێتەوە؟! لە پشـت فیگەرەکە هونەرمەند پەروەر، شـەبەنگێکی گەورەی زەردکەسـکی لە چەشـنی هێلکە دروسـت کردووە، بۆ ئەوەی زیاتر فۆکس بکەوێتە سـەر فیگەرەکە. ئەو فۆڕمە هێلکەییەش دەکرێت گوزارشـت لە فەریکە دەسـەڵاتێک بێ کە هێشـتا نەجوقاوە و نەهاتۆتە دەرێ.

ئەو بەرهەمە دەچێتە ژانری کارتۆنی- Satir واتە تەوس و پلارەوە .

### نموونەی ژمارە 4:




ناوی هونەرمەند: ئازاد جەواد ئەحمەد (گرفتار کاکەیی)

ناوی تابلۆ: بێشرۆڤە

قەبارە: ٣٠ X٤٢ سم (A3)

مەتریالی بەکارهاتوو: ڕەنگی ئاوی لەسەر کاغەزی فابریانۆ

ساڵی دروستکردن: ٢٠٢٣

ژانر: Satir (تەوس و توانج)

**وەسفی کاری هونەری:** ئەم کارە هونەریە شێوەی لاکێشەیی ئاسۆیی وەرگرتووە، دوو کەسایەتی کاریکاتێری لە شێوەی ڕەگەزی پیاو لە بەرانبەری یەکتر وەستاون. ئەوەی لای چەپ بە تووڕەییەوە بە دەست و پەنجە ئاماژە بە بەشێک لە قۆڵی کراسی کەسی بەرانبەری دەکات، بە دەستەکەی تری داو و دەرزی پێیە و دەیەوێت بۆی بدوورێتەوە، بەڵام خۆی پشتەوەی پانتۆڵەکەی دڕاوە و بەشێک لە جەستەی بەدەرەوەیە!!

ئەوەی لای ڕاست بە سەرسوڕمانەوە سەیری پەنجەکانی دەکات و سیمای سووڕ هەڵگەڕاوە. بەکگراوندی کارەکە ئاسمانێکی مۆرە.

**داڕشتن:** ئاراستەی داڕشتنی ئەو بەرهەمە لاکێشی ئاسۆییە و شێوازی داڕشتنەکە سادە و ساکارە، دوو فیگەر لەم بەر و ئەو بەری لاپەڕەکە بە چەشنی سیمیتریک (هاوتا) ڕاوەستاون. پانتۆڵی کەسی لای ڕاست تۆختره. هونەرمەند بۆ

زەمینەی پشتەوە ڕەنگی مۆری بەکار هێناوە، کە وەک تاقی ئاسمان دەنوێنێت و حاڵەتی کەوانی هەیە و لەبەری لای چەپ ڕەنگەکە بەرەو سوورمۆر یان ئالیزارین کریمسۆن ڕۆیشتووە. کە هونەرمەند لە لایەک بە ڕەنگی زەردی کراسی کەسی لای ڕاست کۆنتراست و هاوکات بە تۆخیی ڕەنگی پانتۆڵەکەی هاوسەنگییەکی لەگەڵ ئەو سوورمۆرە دروست کردووە .

جوڵەی دەستی کەسی لای چەپ لەگەڵ کەوانی ئاسمانەکە هاوتەریبن. لە بەشی خوارەوەش چاو دێتە سەر پانتۆڵی دڕاوی کەسی لای چەپ و لەوێشڕا لە ڕێگەی ئەو دەستەی داو و دەرزییەکەی پێیە و دواتر ئەو دەستەی ئاماژە بە قۆڵی دڕاوی کەسی بەرانبەر دەکات، نیگا دەچێتە سەر پانتۆڵی قاوەیی تۆخی کەسی لای ڕاست و پاشان چاو هەڵدەگەڕێتەوە سەر ڕوخساری و لەوێشڕا بەرەوە ئاسمانەکە. ئەو جووڵەیە بەردەوامە و بە شێوازی هێلکەیی چاو لە ناو بەرهەمەکەدا دەگەڕێت.

**تەکنیک:** هونەرمەند سەرەتا بۆ هێڵی دەوروبەر(ئاوتلاین)-ەکان لە قەڵەم سۆفتی ڕەش لەسەر کاغەزی فابریانۆ کەڵکی وەرگرتووە و دواتر بە ڕەنگی ئاویی پڕی کردۆتەوە. تەکنیکی ئەو کارە پتر لەسەر هێڵی چەماوە و زۆرکەم هێڵی شکاو بەکارهاتووە.

**شرۆڤە:** بە پێی نموونەی بەردەست و بەرهەمەکانی تری هونەرمەند، توێژەر پێی وایە کە سانا و ساکاریی, تایبەتمەندیی بەرهەمەکانی گرفتار کاکەییە واتە بەرهەمەکان تەقلیلی و مینیمالن، لە ئاستی جیهانی دا هونەرمەندانێکی وەک : S.V.D.Born–ی هۆلەندی، Drilevic Darko خەڵکی یۆگۆسلاڤیای پێشوو،Pavel Matuska لە کۆماری چیک و هەروەها کۆمەڵێک لە کاریکاتێریستانی عەرەب و فارس بەم شێوازە کاریان کردووە. لەم نموونەیەدا تەنها دوو کاراکتێری دێفۆرمەکراوی خەیاڵی دەبینین، کە بە هێڵی دەوروبەری( ئاوتلاین) سادە کێشراونەتەوە. ئەو کارە ئاماژە بە پەندێکی پێشینیان دەکات کە دەڵێ:" دەرزییەک لە خۆت ڕۆکە، ئینجا سوژنێک لە چاوی خەڵک".

توێژەر ڕای وایە کە دەکرێت دوو شرۆڤەی جیاوازبۆ ئەم کارتونە بکرێت:

⁕ وەک ڕەخنەیەکی سانا و ساکاری کۆمەڵایەتی کە تاکی کۆمەڵگە بە هەموو چین و توێژەکانەوە دەگرێتەوە.

⁕ وەک کارتونێکی سیاسی کە تێیدا ئاراستەی ڕەخنەکەی ڕووی لە لایەنە سیاسییەکانی کوردستانە، کە عەیب و عار و کەموکوڕی خۆیان نابینن و ئامادە نین چارەسەری بکەن ، بەڵام ڕەخنە لە لایەنی بەرانبەر دەگرن و ئەم مشتومڕەش دەگوازنەوە بۆ ڕاگەیاندنەکان.

ئەگەر یەکێک لە ئەرکەکانی کارتون و بەگشتی کاریکاتێر ڕەخنەگرتن بێت، ئەو بەرهەمە بە باشی مەبەستی پێکاوە و بەرهەمێکی سەرکەوتووە، کە بە کەمترین هێڵ توانیویەتی زۆرترین پەیام بگەیەنێتە بینەر و ببێتە هۆی تێڕامان و مشتومڕ.

فیگەرەکان سەرەڕای ئەوەی خەیاڵیین، بەڵام ڕوخساریان وزە و ئێنێرژی تێدایە، خەم وتووڕەیی و شادی لە کارەکاندا بوونی هەیە، بەڵام بە شێوازێکی کلێشەیی . فۆرمی چاوەکان، لوت و گوێچکە و پوزەیشنی کاراکتێرەکان و شێوازی ڕاوەستانیان، ڕەچاوی فۆرمێکی دووبارە دەکەن، ئارکیتایپن و نموونەیین. قەبارە و جەستەی فیگەرەکان و ئەندامەکانی لەش جێگیر و نەگۆڕ نین و بە پێی کارێک کە ئەنجامی دەدەن کورت و درێژ و قەڵەو و باریک دەبنەوە، حاڵەتی ئێلێستیتە و نەرمیان هەیە. ئەم تایبەتمەندییە لەنێو کارتون و کاریکاتێرەکانی هونەرمەندی عێراقی خضیرالحمیری-شدا دەبینرێت.

## چوارەم:

### 4-1- ئەنجامەکانی توێژینەوە:

1- بە هۆی ئەوەی زۆرینەی هونەرمەندانی کاریکاتێریست بەر لە ڕاپەڕین حەزیان نەکردووە بەرهەمەکانیان لەنێو بڵاوکراوەکانی سەردەمی بەعس دا چاپ بکرێت، هونەری کاریکاتێر لە کوردستانی عێراق مێژوویەکی دوور و درێژی نییە.

2- له پاش ڕاپەڕین و بەتایبەتی له ١٩٩٧-ەوە هونەری کاریکاتێر دەکەوێتە قۆناغێکی نوێوە، ژمارەی گۆڤارەکان زیاتر دەبن، ستافی تایبەت بە کاریکاتێر دروست دەبێت، فەزایەک دەخوڵقێت کە هونەرمەندانی گەنج ڕادەکێشێت. لەم قۆناغەدا چالاکییەکان لە چاپەمەنییەوە هەتا بەڕێوەبردنی پێشانگا و بەینال زیاتر دەبێت.

3- لەم قۆناغەدا گەشەی ئابووری، کۆمەلایەتی، سیاسی کە دەرکەوتەی پێگەی کوردە وەک نەتەوەیەکی خاوەن دەسەلات؛ پشتگیری لە هونەر و هونەرمەندان زیاتر دەکات، ئەمەش دەبێتە هۆی گەشەی هزری و تەکنیکی بەرهەمەکان. هونەرمەندان لە فێستیڤاڵ و بەیناڵە دەرەکییەکان بەشدار دەبن و خەلات وەردەگرن. کۆمەڵێک لە کاریکاتێریستەکان هاوکات لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا، شێوازە جۆراجۆرەکانی کاریکاتێر تاقی دەکەنەوە.

4- زۆرینەی هەرە زۆری گۆڤارە کاریکاتێرییەکان بە هۆکاری ماددی دادەخرێن، ئەو کێشەیە بەتایبەتی لە ٢٠١٤- ٢٠١٥ دەگاتە لوتکە و گۆڤارەکان دەوەستن و هەتا ئەمرۆ هیچ گۆڤارێکی تایبەت بە کاریکاتێر چاپ ناکرێت، تەنها یەک پاشکۆی کاریکاتێری بۆ ماوەی دوو ساڵ لە چاپ دەدرێت، کە ئەویش لە ٢٠٢٠ دەوەستێت. لەو قۆناغەدا بەشێکی زۆر لە هونەرمەندان بە هۆی نەبوونی فەزا و پشتگیری، بەناچاری واز لە کاریکاتێر دەهێنن، کە ئەوەش خەسارەتێکی زۆرە. هەنووکە تەنها بەشێکی کەم لە هونەرمەندانی کاریکاتێریست لە کارەکەیان بەردەوامن و لە لاپەرەی کەسیی خۆیان لە سۆشیال میدیا (فەیسبوک، ئینستاگرام و...هتد) کارەکانیان بلاو دەکەنەوە.

### 4-2- ڕاسپاردەکان:

1- پاڵپشتی و پشتگیری ماددی بۆ دووبارە چاپبوونەوەی بلاوکراوەکانی تایبەت بە هونەری کاریکاتێر لە کوردستان.

2- دامەزراندنی سەنتەری تایبەت بە کۆکردنەوە و ئەرشیڤی گۆڤار و بلاوکراوەی کاریکاتێر کە تا ئێستا چاپ و بلاو بوونەتەوە.

3- داڵدە و پاڵپشتی هونەرمەندانی کورد بۆ بەشداری لە پێشانگا و بەیناڵە ناوخۆیی و جیهانییەکان.

4- زیاد کردنی ماددەی دەرسی تایبەت بە هونەری کاریکاتێر لە پەیمانگا و کۆلێژی هونەرەجوانەکان وەکو وانەی هەڵبژاردە (ئیلێکتیڤ).

### 4-3- پێشنیارەکان:

لە ئەنجامی ئەو توێژینەوەیەدا، توێژەر پێشنیار دەکات :

١- لەسەر شێوە و ناوەڕۆکی هونەری کاریکاتێر لە کوردستان توێژینەوە بکرێت.

٢- توێژینەوە لەسەر شێوازی هونەرمەندانی ناسراوی کورد لە بواری کاریکاتێر و کارتۆند ا.

٣- لێکۆڵینەوە لەسەر ڕەنگدانەوەی دیاردە کۆمەلایەتییەکان لە نێو گۆڤارە کاریکاتێرییەکانی کوردستانی عێراق دا.

٤- توێژینەوە لەسەر تەکنیکی دیجیتاڵی لە نێو بەرهەمی کاریکاتێریستانی کورددا.

### پەراوێزەکان:

1- **ساموئێل یۆهانسۆن:** (Samuel Johnson 1784-1709) شاعیر، نووسەر، ڕەخنەگر و نووسەری قاموس لە بەریتانیای سەدەی هەژدەهەم.

2- **پۆمپای:** شارێکی کەونارایە لە وڵاتی ئیتاڵیا کە ساڵی ٧٩-ی پاش زایین کەوتە ژێر خاک و خۆڵەمێشی گرکانی ویزوو و زۆرینەی خەڵکەکە بە زیندووی نێژران.

3- **ئاگۆستینۆ کاراتچی:** (Agostino Caracci 1602-1557) وێنەکێشی گەورەی سەدەی شازدەی ئیتاڵیا، لەگەڵ برا و ئامۆزاکانی قوتابخانەی بۆلۆنی-یان دامەزراند بە دژی ڕێبازی مێنێریزم.

4- **بێرنینی:** (Gian Lorenzo Bernini 1680-1598) نیگار کێش، بیناساز و پەیکەرسازی ناسراوی ئیتاڵی لە ڕێبازی بارۆک دا.

5- **ویتکۆوێر:** (Rodolf Wittkower 1971-1710) ڕۆدۆلف ویتکۆوێر؛ مێژوونووسی ئەلمانی-ئەمریکی کە پسپۆڕی هونەر و بیناسازی ڕێنێسانس و بارۆک بوو.

**6- لوئی فیلیپ**: (Louis Philippe 1850- 1773) لوئی فیلیپی یەکەم پادشای فەرەنسا بوو. سیاسەتی پاوانخوازی پەیڕەو دەکرد و هەروەها ڕێکەوتنی لەگەڵ وڵاتی بەریتانیا کرد، پاڵپشتی لە سیاسەتی بە کلۆنی کردنی وڵاتی ئەلجەزایر دەکرد. لە ساڵی ١٨٤٧ بە هۆی خراپتربوونی باری ئابووری فەرەنسا کەوتە بەر پلاری ڕەخنەگران و ناچار لە پاش شۆڕشی فەرەنسا وازی لە دەسەڵات هێنا و تا کاتی مەرگی لە وڵاتی بەریتانیا وەک پەنابەر ژیا.

**7- ئیسماعیل خەیات**: (1944-2022) هونەرمەندی شێوەکاری کوردی کوردستانی عێراق و لەدایکبووی شاری خانەقینە، کە بە شێوەی دەربڕینخوازی یان ئێکسپێرشێنیزم کاری کردووە.

**8- پرۆژەی ئاشتی:** پرۆژەیەکی هونەری ناسراوە کە لە ساڵی ٢٠٠٠ لە لایەن هونەرمەند ئیسماعیل خەیات-ەوە وەک هەڵوێستێک دژی شەڕی براکوژی بەڕێوەچوو. هونەرمەند لەو پرۆژەیەدا، تاشەبەردەکانی گوندی پیرەر-ی لەسەر ڕێگای کۆیە-هەولێر ڕەنگ کرد و بۆ ئەو مەبەستەش لە هەموو ڕەنگەکانی سوود وەرگرت.

## سەرچاوەکان:


### سەرچاوە کوردییەکان:

- پیربال، فەرهاد. (٢٠٠٦)، مێژووی هونەری شێوەکاری لە کوردستاندا، چاپی یەکەم،هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم.
- حەمادە، مەمدوح. (٢٠١٨)، پوختەیەک لە مێژووی هونەری کاریکاتێر، (وەرگێران لە عەرەبییەوە: پەروەر کەرکوکی)، سلێمانی، ناوەندی هونەری ٧ ڕەنگە.
- خۆشناو، هەندرێن. (٢٠٠٨)، مێژووی هونەری کاریکاتێر لە شاری هەولێر، گۆڤاری ڕۆژنامەنووس، ژمارە ٤، ل ٨٩-١٠٣.

### سەرچاوە فارسییەکان:

- ضیایی، محمد رفیع. (١٣٨٨)، پرونده کاریکاتور(جلد١) ، تهران، پژوهشگاه فرهنگ و هنر اسلامی.
- ضیایی، محمد رفیع. (١٣٩٣)، بررسی زبان و کارکرد کارتون و کاریکاتور،https://www.dinonline.com.
- عبدعلی، محمد. (١٣٩٤)، تاریخ کاریکاتور، نگاهی کوتاه به تاریخ بلند کاریکاتور جهان، http://ensani.ir.
- لطیفی، غلامعلی. (١٣٩٤)، تاریخچه جهانی کاریکاتور، مجله ایران کارتون، مرداد ١٣٩٤، شماره ٤٢، صص ٤-١١.
- گروه فرهنگ و هنر سیمرغ. (١٣٩٣)، تاریچه پیدایش کاریکاتور، https://seemorgh.com.

### سەرچاوە عەرەبییەکان:

- خليل العلاف، ابراهيم. (٢٠١٧)، بدايات الصحافة الفكاهية في العراق،https://www.allafblogspotcom.blogspot.com.

### سەرچاوەکانی توێژینەوە و تێزە زانکۆییەکان:

- حمد الهاجری، نور(٢٠٢٠)، سیمائیه جائحه کورونا فی کاریکاتیر الصحافة القطرية، مجلة أنساق، دار نشر جامعه قطر، العددان ١-٢.
- یوسفی، حمیده (١٣٨٢)، فرش افشار کردستان، دانشگاه صنعتی سهند تبریز، دانشکده هنرهای کاربردی، پایاننامه تحصیلی کارشناسی.

### وتووێژەکان:

- ئازا حەسیب، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر-هەولێر، ٢٠/١٢/٢٠٢٣.
- ئازاد جەواد (گرفتار)، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- ئالمان، ٥/٨/٢٠٢٢.
- ئاکۆ غەریب، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- سلێمانی، ١٢/٥/٢٠٢٣.
- بۆتان نالەیی، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- هەولێر، ١٦/٦/٢٠٢٣.
- بەختیار سەعید، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- سلێمانێ، ١٤/١/٢٠٢٢.
- بەکر عەبدولڕەحمان، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- سلێمانی، ٩/٥/٢٠٢٣.
- پەروەر کەرکوکی، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- سلێمانی، ٤/٨/٢٠٢٢.
- جەبار سابیر، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- هەولێر، ٤/٧/٢٠٢١.
- خالید ستار، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- سوید، ١٩/٤/٢٠٢٣.
- دارا محەمەد عەلی، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- هەولێر، ٢٩/١٢/٢٠٢٢.
- ڕێناس عارف، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- هۆلەندا، ١٩/٤/٢٠٢٣.
- سالم سەلیم، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- دهۆک، ١٩/٤/٢٠٢٣.
- سەباح حسێن، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- هەولێر، ٢٦/٥/٢٠٢٤.
- سەرچڵ شەوقی، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- سلێمانی، ١٩/٤/٢٠٢٣.
- سەردار عەبدوڵلا، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- سلێمانی، ٢٧/٦/٢٠٢٣.
- سەردار کێستەیی، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- ئەمەریکا، ٢١/٤/٢٠٢٣.
- عەلی دەروێش ، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- فەرەنسا، ٦/٨/٢٠٢٢.

- عەلی مەندەلاوی، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- هۆلەندا، ٨/٤/٢٠٢٣.
- فەلاح شوان، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر-ئەمەریکا، ١٦/٨/٢٠٢٣.
- کیڤان محو، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- هەولێر، ٢١/٤/٢٠٢٣.
- محەمەد ساڵەیی، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر-کانادا، ٢/١/٢٠٢٣.
- محەمەد فەتاح، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- سلێمانی، ٨/٤/٢٠٢٣.
- محەمەد قادر، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- هەولێر، ١٠/١/٢٠٢٣.
- هەندرێن خۆشناو، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- هەولێر، ١٠/٨/٢٠٢٢.

**تۆڕی زانیاری ئینتەرنێت:**

- https://en.wikipedia.org

**فەرهەنگەکان:**

- Oxford wordpower dictionary, London ,Oxford university press,2000

## دور الرسوم الكارتونية والرسوم الكاريكاتورية في الفن الكردي (كوردستان العراق)

**محمد صالح روستم زاده**
قسم تشكيلى، كلية الفنون الجميلة، جامعة صلاح الدين– أربيل. أقليم كوردستان،العراق
mohammad.rostamzadeh@su.edu.krd

**ملخص**

أحد العوامل المهمة في التنمية الاجتماعية هو فن الكاريكاتير وباعتبارها وسيلة حديثة للتعبير عن النقد بطريقة "مصورة"، فقد لعبت دورا مهما. بعد تطور التنوير وإنشاء الـ نظام السلطوي الحديث في العالم، وانتشار الأفكار الديمقراطية، وتراجع الملكية والاستبداد، والتقدم السريع للتكنولوجيا، وخاصة صناعة الطباعة، أتيحت الفرصة للنقد المباشر. لكن هذا ليس الحال دائماً؛ ففي بعض المناطق، باسم الجمهورية والديمقراطية، لا تزال المجتمعات تدار بنفس الأنظمة الملكية أو الرأسمالية والليبرالية الجديدة القديمة. وهذا جعل مهمة الصحفيين والفنانين الناقدين أكثر تحدياً، ولكن ليس مستحيلاً. بالإضافة إلى ذلك، جزء آخر من هذا الفن، نظراً للقلق والوحدة التي يشعر بها الأفراد في هذا العصر، قد تولى مهمة الترفيه. الباحث، مقدراً غنى هذا النوع، يسعى لتسليط الضوء على أسس فن الكاريكاتير في كردستان العراق ويهدف إلى تقديمه للقارئ. يتألف هذا البحث من أربعة أجزاء: الجزء الأول يحدد الإطار العام للبحث، بما في ذلك: المقدمة، مشكلة البحث، أهمية البحث، أهداف البحث، حدود البحث، وتعريفات المصطلحات. الجزء الثاني فيتناول الإطار النظري للبحث من خلال قسمين: القسم الأول يناقش تاريخ فن الكاريكاتير والكارتون في العالم، العراق، وكردستان العراق، منشورات الكاريكاتير والفنانين الكاريكاتيريين في كردستان، القسم الثانى المراجع الإطارية النظرية. الجزء الثالث من البحث يركز على مناهج البحث: مجتمع البحث، عينة البحث، ومنهج البحث، بما في ذلك أربع عينات من أربعة فنانين، الجزء الرابع وأخيراً تعرض النتائج ويقدم الباحث اقتراحاته وتوصياته.

**الكلمات المفتاحية:** الكارتون، الكاريكاتير، الفن الكردي.

## The Role of Cartoons and Caricatures in Kurdish Art (Iraqi Kurdistan)

**Mohammad Saleh Rostamzadeh**
Department of Plastic Art, College of Fine Art, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq
mohammad.rostamzadeh@su.edu.krd

**Abstract**

One of the important factors in social development is the art of caricature, as a modern tool of expressing criticism in a "pictorial" way, has been able to play a prominent role. Following the development of enlightenment and the establishment of the modern authoritarian system in the world, the spread of democratic ideas, the decline of monarchy and absolutism, and the rapid advancement of technology, particularly the printing industry, have provided an opportunity for more direct criticism. However, this is not always the case; in some regions, in the name of republicanism and democracy, societies are still governed by the same old monarchical or capitalist and neoliberal systems. This has made the task of critical journalists and artists even more challenging, but not impossible. Additionally, another part of this art, due to the anxiety and loneliness of individuals in this era, has taken on the task of entertainment. The researcher, appreciating the richness of this genre, seeks to highlight the foundations of caricature art in Iraqi Kurdistan and aims to introduce it to the reader. This research consists of four parts: the first part outlines the general framework of the research, including: the preface, research problem, importance of the research, objectives, research boundaries, and definitions of terms. The second part is divided into two sections: the first discusses the history of caricature and cartoon art in the world, Iraq, and Iraqi Kurdistan, as well as the publications of caricatures and caricature artists in Kurdistan, and second section contains the theoretical framework references. The third part of the research focuses on research methodologies: research community, research sample, and research method, including four samples from four artists, and The fourth and final section is dedicated to its conclusions, suggestions and recommendations.

**Keywords:** Cartoon, Caricature, Kurdish art